# دایکایەتیی بێوەی

**لێکۆڵینەوەیەکی دیمۆگرافی یە سەبارەت بەواقیعی سك و منالّبون و زەیستانیی لەجیهاندا**

وەرگێڕانی : تۆفیق عەبدول

# The Safe Maternity

**سلێمانی- 2006**

**دەربارەی ئەم وەرگێڕانە:**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیWHO، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانە، لەهەمو کیشوەرەکانی گێتی دا لەپێناوی دابین کردنی (تەندروستی بۆ هەموان) دا کار ئەکات.

لەکاتی دامەزراندنیەوە پێش زیاتر لەنیو سەدە، بەهاوکاری ژمارەیەك ڕێکخراوی تر وەکو بانکی نێو دەوڵەتی، یونسێف، سنوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چالاکیەکانی دانیشتوان،....و حکومەتەکانو وەزارەتەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان. کۆمەڵێك چالاکی مەزنی ئەنجام داوە، کەکاریگەر بیان لەسەر ڕەوشی تەندروستی هەمو گەلانی جیهان بەجیٚهێشتوە .

لەو دەسکەوتە مەزنانەش، پاراستنی ژیانی منالاّن، دابەزاندنی ڕێژەی مردنی منالاّن، بەرزکردنەوەی ڕادەی تەمەنی پێشبینی کراو، و، زالٌ بون بەسەر هەندیٚ کێشەی تەندروستی تر کەسەرجەم دانیشتوانی گۆی زەوی لەڕابوردودا بەدەستیەوە لەپەل‌و پۆ کەوتبون، وەکو: ئاوڵە، ڕشانەوە، شەلەلی منالاّن.

ئەم ڕێکخراوە مرۆیی یە سالاّنە یادی ڕۆژی دامەزراندنی ئەکاتەوەو ناوی ناوە (ڕۆژی تەندروستیی جیهانیی)

لەڕۆژی 7ی نیسانی 1998دا، لە ڕۆژی تەندروستیی جیهانیی‌و بەبۆنەی تێپەربونی (50) ساڵ بەسەردامەزراندنیدا ، چالاکیەکانی خۆی تەرخان کرد بۆ مەسەلەیەکی زۆر گرنگ‌و دەست پێکردنی هەڵمەتێکی جیهانیی فراوانی درێژ خایەنی ڕاگەیاندن بەناونیشانی (TheSafeMaternity– دایکایەتی بێوەی).

ئەم نامیلکەیەی لەبەر دەست دایە پوختەی ئەو بابەتانەیە( نوسینگەی ناوچەیی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست – Middle East Regional Bureau) لە ئەسکەندەریەی میسر، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا خستیە بەردەست‌و دیدە، منیش بەش بەحاڵی خۆم وەکو ئەوەی دوای بەکالۆریۆسی زمانی ئینگلیزی خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمی بالاّی (**Demography** – الاحصاء السكاني) م وشارەزای ئەم زانستە نامۆیەم بەکەلتوری کوردی کە بریتی یە لە( ئامارەکانی دانیشتوان، هێزی کار. کۆچ کردن، ئاماری تەندروستی) کەدایکایەتی ئەچێتە چوار چێوەی سەر باسی دواییان،بەئەرکی ئینسانی وزانستی خۆمم زانی بەکوردی بیخەمە بەردەستی خوێنەران.

لەماوەی زیاتر لە 20 ساڵ کارکردن لەبواری نەخشەکێشان‌و ئامار لەسەر تاسەری عێراقدا، نزیکەی 4ساڵ لێپرسراوی بەشی ئاماری تەندروستی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی‌و مامۆستای هەمان مادەی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بوم وئێستاشی لەسەر بێت کەبەڕێوەبەری پێشکەوتوی ئامارم لەفەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی ، هەمیشە هەوڵم داوە چەندم لەدەست بێت دیمۆگرافیا بەدەورو بەرم بناسێنم، لەو بوارەشدا بنکەی ئەدەبی‌و ڕۆشنبیری گەلاوێژ دەست پێشکەر بوەو تائێستا لەو بوارەدا سیٚ کۆڕی لەسەربابەتەکانی ( کۆچ بۆ هەندەران، سەرژمێری گشتی دانیشتوانی حکومەتی هەرێم، ئەنفال) بۆ ساز کردومو چەند بابەتێکیشم لەئینگلیز یەوە وەرگێڕاوە ولەگۆڤارە کوردیەکاندا بلاّوبونەتەوە.

سەبارەت بەمەسەلەی دایکایەتیش لەبواری کاری ڕەسمیدا لەفەرمانگەی تەندروستی سلێمانی– پێش ڕاپەڕین– پشتگیریی کردنەوەی ئامادەیی مامانی– م کردوەو ساڵی یەکەم بەخۆبەخش وانەکانی ئینگلیزی‌و ئامارم وتۆتەوە، جگە لەوەش هاوکاری پرۆژەی مامانە ڕەشۆکی یەکانم کردوەو دایکانم هان داوە بۆ بەشداری کردنی خولەکانی ڕاهێنان‌و وەرگرتنی مۆڵەت‌و دایکی خۆمم کردوە بەپێشەنگیان‌و سودی زۆرم لەزانیاریە سادەکانیان لەکۆبونەوەکاندا وەرگرتوە.

بۆیە دەمێك بوو خولیام بوو، بابەتێك بەشێوەی كتێب یان نامیلكە دەربارەی دایكایەتیو مەسەلە دیموگرافیو ئامارییەكانی ژنان بەپشتگیری دەزگایەك یان ڕێكخراوێك بخەمە بەردەست، تائەم بابەتەم دەست كەوت،بەڵام بەداخەوە تا ئێستا كەسێك ، دەزگایەك ، لایەنێك ئامادە نەبوە هاوكاریم بكات بۆ ئەوەی ئەم بابەتە پڕبایەخە لەسەر نەنوسراوە بخەنە كتێبخانەی كوردی یەوە ، هەرچەند خۆم ڕووم لەدەزگایەك و وەزارەتێك نا كە بابەتەكە كرۆكی ئەركی هەردو لایانە و ئەمزانی ئەوەندەی تێئەچێت– وەكو لێرە ئەڵێن– بەچەقەنەیەك سەرفی بكەن و پارەی داوەتی ئێوارەیەكی پالأسەكانی سلێمانی تێناچێت ،..بەڵام ئیتر هەتا ئێستاش لێرە هەروایە ،كا لەبەردەمی سەگدایە و مۆز و پرتەقاڵ وهەناریش لەبەردەمی دەسەڵاتدا.

تۆفیق عەبدول

سلێمانی– 2006

## پێشەکی:

### خوێنەری هێژا:

سەیری دەورو بەری خۆت بکە،ماڵەوە گەڕەك، شەقام، بازاڕەکان، ناوپاصەکان، خوێندنگاکان. سەیری فیلمەکان بکە، لەسەر زەمین، لەژێر زەمین، لەبۆشایی ئاسماندا، لەشارە گەورەکاندا، لەبیابانەکاندا، لەناوچە شاخاویە سەختەکان. سەیری بازگەکان، کارگەکان، خۆپیشاندانەکان.. تاد.

هەر مرۆڤەو وەکو تەتەڵە میران جمەی دێت: ڕەش پێست، سپی پێست، زەردپێست.. منالْ، گەورە، بچوك، زۆردار، زۆرلێکراو، سەرباز، پۆلیس، دادوەر، تاوانبار، کرێکار، سەرمایەدار، دەوڵەمەند، هەژار، شۆڕشگێڕ، سەرکوتکەر، ڕاستڕەو، چەپڕەو، عاقڵ، شێت، ساغ، نەخۆش.. موسڵمان، جولەکە، مەسیحی، بودی... تاد. یەکێك هەیە لەوانە ڕۆژێك لەڕۆژان لەدایك نەبوبێت و ژنێك پێوەی نەیناڵاندبێت؟!!.

ژنێك هەیە لەوژنانە نۆ مانگ– هەر هیچ نەبێ حەوت مانگ – سکی بەیەکێك لەو نزیکەی7000 ملیۆن مرۆڤە پڕنەبوبێت؟

ئەو ژمارە لەبن نەهاتوە وەك خۆمان واتەنی لەپڕێ بون بەکوڕێ؟!. یان ئازارو ئەشکەنجەو شەونخونی ژنێك پێی گەیاندون؟!.

ئەوە دایکایەتیە... ئەوە کلیل و نهێنی گەردونە.

ئەم دایکایەتیە لەگەڵ ئەوەدا کەنەخۆشی و پەتایەك نیە هەمو سەرزەوی گرتبێتەوە بەڵکو پرۆسەیەکی فزیۆلۆجی سروشتیە– کۆمەڵێك ئازارو ژان و ئەشکەنجەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە کەهەڕەشە لەژیانی ئەو سەرچاوە بەخشندەیە ئەکات.

بۆیان بوەبەسەفەرێك بۆ چارەنوسێکی نادیار، سەفەری ڕێ ی نەهات، سەفەرێك کەزۆریان لێ ی ناگەڕێنەوە.

ئەو سەفەرە بەو جۆرە، ڕەوا نیە بەردەوام بێت، ڕەوا نیە ئەو شیرە بەحەرام بچێت.

دەردەکان ئاشکران، دەسەڵات و حکومەت و پەرلەمانەکان و وەزارەتەکانی تەندروستی هەن. دارایی و دەرامەت هەیە.

پاساو چی یە بۆ بەردەوام بونی ئەوترا جیدیایە؟؟!!.

سەیری ژمارەکانی ناو ئەم نامیلکەیە بکە، ئەگەر دەستی تۆی تیایە، چاو داخە. ئەگەر دەستتی تیا نیە دەنگ بەرز بکەرەوە.

ڕاستە ژنان– پڕاو پڕنا – بەڵام ڕێزیان لێ گیراوە، کاریان پێ دراوە، بەشێك لەمافەکانیان دابین کراوەو بەردەوامیش داوای بەشەزەوت کراوەکانی مافەکانی تریان ئەکرێت وەکو گۆڕینی یاساکانی خوێندن و ئەحواڵی شەخصی وبەڵام لەهەمویان زەرورتر ئەوەیە.. ئەو مافەی لەپێش هەمومافەکانی ترەوەیە ئەوەیە... ژیانیان بۆ مسۆگەر بکەین.. ئاوا بەبەرچاومانەوە قەلاچۆنەبن.

لەدوتویێی نامیلکە کەدا هاتوە، ساڵانە نزیکەی 600هەزار دایك لەکاتی سك و منالْبوون و زەیستانیدا ئەمرن.. لەکام لەجەنگەکانی ناو خۆیی و نێو دەوڵەتی و کارەساتە سروشتیەکانیدا بەقەد ئەو ژمارەیە ئاوا بەخەم ساردی و بێ دەنگی و بێ هەراو هوریا گیان لەدەست ئەدەن؟؟!.

هەوڵدان بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی ( دایکایەتی بێوەی) تەنیا داکۆکی کردن نیە لەدایکایەتی و مافێکی سروشتی ژنان.. مردنی دایك کارەساتێکی گەورەیە بۆ خێزان و منالەکانی دوای خۆی، کەبێ بەش ئەبن لەکۆشی ئارام و دڵسۆزیی دایك. کورد باشی وتوە کە دەڵێت:منالْ بەباوك هەتیو ناکەوێ بەڵکو بەدایك هەتیو ئەکەوێ،ئەمە جگەلەوەی کۆمەڵگا لەڕوی ئابوری وکۆمەلایەتی وکلتوری و دەرونیەوە زیانێکی گەورەی لێ ئەکەوێت، بە لەدەستدانی یەکێك لەئەندامە بەکەڵك و بەرهەم هێنەکانی و سەرەنجام وەك فارسەکان ئەڵێن: بەدڵۆپە دڵۆپەی باران لافاو هەڵئەستێ). سەد دایك لەکوردستان و هەزار لەئەفغانستان و دە لەئەمریکا، هەزار لێرەو هەزاران لەوێ‌و.. لەئەنجامدا لەسەری ساڵدا مرۆڤایەتی لەپرسەی 600هەزار بێ تاوان لێ بۆتەوە بێ ئەوەی بتوانین تۆمەت بدەینە پاڵ کەس و لێکۆڵینەوەو دادگا بۆ کەس دابنێین.

ئەو چارە نوسەی ژنان لەپێناوی بەخشینی ژیاندا توشی ئەبن، چارەنوسێکی حەتمی نیە،بەڵکو زوڵمێکە، پێشێل کردنێکە، پێویستە لەسەر هەمو پارچەکانی مرۆڤایەتی،لای بەرن.. بەچاکردنی سیستمە سیاسی و تەندروستی و یاساییەکان.

ئەم واقیعە لای ئێمەی کوردیش- هەرچەند بەویست و ئیرادەی خۆمان نیەو لەدەسەلاتماندا نیە- لەبەشە هەرە دواکەوتوەکانی جیهان باشتر نیە.

بەڵگە زۆرە. من ناچمە تەفاصیلەوە تەنیا بەڕاگوزاری ئاماژە بۆ پێوەرێك ئەکەم شاری سلێمانی ئەمڕۆ یەك ملیۆن مرۆڤی زیاتر تیا ئەژی، ئەو خەستەخانەی لەدایکبونەی تیایە کەهەمومان ئەیزانین و خەڵکانی تریش ژمارەی قەرەوێڵەکانی ئەزانن.

ئەوە خەستەخانەی ملیۆنێك مرۆڤە یان خەستەخانەی گەڕەکێکی ولاتانی خوا پێداوە؟!.

یەك خەستەخانەی منالانمان هەیە- لەبنچینەدا بۆ فەرمانگەی کشتوکاڵ دروست کراوە- کەنزیکەی 150قەرەوێڵە ی تیایە. با بڵێین 200یش!!.

ئەوە خەستەخانەی منالانی ملێۆنێك مرۆڤە یان خەستەخانەی منالانی گەڕەکێکی ولاتانی پێشکەوتوە؟!.

بێینەوە سەر مەسەلەی ژنان، کورد ئەڵێ لەمنالیەوە بۆ گەنجیی و لەگەنجیەوە بۆ پیریی و لەپیریەوە بۆ مردن(کەواتە هەموو مرۆڤێك قۆناغێك یان دوان یان هەرسێکیان ئەبڕێت و هەر قۆناغێك سیما و ئەرك و مافی خۆی هەیە.

بەنیسبەت ژنیشەوە، قۆناغی یەکەم قۆناغی منالی و کچێتی یە لێرەدا قسە لەسەر ئەو قۆناغە ناکەین، قۆناغی دوەمیش کەماوەی نێوان تەمەن 15-50ساڵە قۆناغی دایکایەتیە و ئەرکی بەپەلەمان داین کردنی دایکایەتیەکی بێوەیە بۆ ئەم قۆناغە، بەو شێوازو پلانەی لەم نامیلکەیەدا داڕێژراوە.

بەلام ئەوەشمان لەیاد نەچێ، وەکو ژن، قۆناغێکی تریشمان لەپێشەوەیە کەقۆناغی بەسالاچون و من لای خۆمەوە لەسەر کێشی دایکایەتی ناوی ئەنێم قۆناغی (نەنکایەتی) کەهیوادارم لەدەرفەتێکدا بمپەرژێتە سەر ئامادە کردنی بابەتێکی دیموگرافی لەوبارەیەوە.

لەکۆتایی دا هیوادارم ژنان، هەمو ژنانی دنیا، کچێنی یەکی کامەران و سەربەست و پەروەردەی دروست و دور لەهەژاری و شەڕو شۆڕو هەتیوی ببەنه سەرو، دایکانیش لەژێر سایەی سك پڕی و منالبون و زەیستانی و بەستن و ڕێکخستنی خێزان –ێکی بێوەی دا پرچی ڕەش و سپی بهۆننەوە ونەنکانیش به نەنکایەتیەکی بەڕێز و قەدر و حورمەتەوە،بەمردنێکی سروشتی و بیٚ کەنەفت بون و پشت گویٚ خستن و جەرگی پیریی سوتاندنیان سەربنێنەوە.

دایکیشم بەم کارەم، لەئازارو ژانەکانی سك پڕی و لەدایکبون و زەیستانی بمبەخشێت، بەتایبەتیش که ئەوی کۆچەریی لەهەوارێکداو لەبن دار بەڕوویەکدا بیٚ مامان و سەرپەرشتیاری و خەستەخانه. لەسەر بێژنگ – ێك بەژیانی بەخشیم.

تۆفیق عەبدول

سلێمانی2006/1/20

## مردنی دایکایەتی

ڕۆژانە بەلایەنی کەمەوە، (16000) ژن بەهۆی ماکەکانی سكو منالّبونەوە گیانیان لەدەست ئەدەن، ئەمە مانای ئەوەیە بەلایەنی کەمەوە سالّی (585000) ژن بەو ماکانە ئەمرن، زۆرینەی ئەم مردنانە. واتە نزیکەی 90٪ ی لەئاسیاو ولأتە ئەفریقاییەکانی باشوری بیابانی گەورە ڕوو ئەدەنو 10٪ ی تری دابەش ئەبێت بەسەر ولأتە تازە پێگەیشتوەکانی تردا، لەکاتێکدا لەولأتە پێشکەوتووەکاندا 1٪ کەمتری ژنان بەنەخۆشیەکانی منالّبون ئەمرن.

لەوەش زیاتر ئەتوانین بڵێین نزیکەی3/1 یان 4/1 ی مردنی ژنان، ئەوانەی لەتەمەنی سكو زا، دان لەولأتە تازە پێگەیشتوەکاندا لەئەنجامی سكو منالّبوندا ئەمرن.

جیاوازی ڕێژەی مردنی دایکان لەنێوان ولأتە پێشکەوتوەکانو ولأتە تازە- پێگەیشتوەکاندا، لەجیاوازی هەمو ئەو ئامارە تەندروستیانە زیاترە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) کۆیان ئەکاتەوە. بۆ نمونە، مردنی منالأن لەولأتە تازە پێگەیشتوەکاندا حەوت ئەوەندەی ولأتە پێشکەوتوەکانە لەکاتێکدا مردنی دایکان بەرز ئەبێتەوە بۆ هەژدە بەرامبەر.

بێجگە لەم ژمارە زۆرەی مردنی دایکان. سالأنە (50) ملیۆن زیاتر لەژنان بەهۆی نەخۆشیەکانی سكو زا، وەئەنالێنن، کەبریتی یە لەماکەکانی سك پڕیو بەلایەنی کەمەوە بۆ (18) ملیۆنیان ئەبێت بەنەخۆشی درێژ خایەنو ئەبێتە هۆی پوکانەوەو لاوازیی بەردەوامی لەش.

دەست پێشکەریی (دایکایەتی بیٚ ژانو بێوەی) ئامانجی ئەوەیە تاسالّی 2010ڕێژەی مردنی دایکان دابەزێنێت بۆ 50٪.

ئێمە ئەزانین ئەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی کاریگەریی کارەساتی مردنی دایکان کەم بکەینەوە، بەلأم ئەوەی پێویستمان پیٚ یەتی،پابەندی سیاسیو کاری ڕاستەقینەی چڕو پڕە کەهەمو لایەك بگرێتەوە.

## کارەساتەکە جیهانی یە

ڕێژەی مردنی دایکایەتی لەسەر ئاستی هەمو جیهان ئەگاتە 430مردن لە هەمو 100هەزار منالّبونێکی زیندو. بەلأم لەولأتە تازە پێگەیشتوەکاندا ئەم ڕێژەیە بەرز ئەبێتەوە بۆ 480 مردنی دایك لەهەمو 100هەزار منالّبونێکی زیندو، لەکاتێکدا لەولأتە پێشکەوتوەکاندا ئەم ڕێژەیە دائەبەزێت بۆ 27مردن بۆ هەمو 100هەزار لەدایکبونێك.

بەرزترین ڕێژەی مردنی دایکایەتی لەخۆرهەلأتو خۆر ئاوای ئەفریقادا ڕوو ئەدات کەئەگاتە مردنی1000 ژن لەهەمو 100هەزار لەدایکبونێك بەلأم نزمترین ڕێژە لەئەوروپای باکورە کە لەنێوان صفرو (11) دا هاتوچۆ ئەکات . ئەم ڕێژەی مردنانەی باسمان کرد، هەمو ژنێك چەند جار سك ئەکاتەوە، ئەوەندە جار ڕووبەڕوی ئەگەری ئەو مردنانە ئەبێتەوە، لەبەرئەوەی ژنان لەولأتانی تازەپێگەیشتودا لەژیانیانداچەند جارێك سك ئەکەن. مەترسیی مۆتەکەی مردن بەدرێژیی تەمەن لەکاتی سك کردنو منالّبون دا بەرامبەریانە کەئەکاتە 40ئەوەندەی ئەگەری مردنی ژنانی ولأتە پێشکەوتوەکان.

بێجگە لەمردنی دایکایەتی، نزیکەی نیوەی حالّەتەکانی مردنی بەرو دوای لەدایکبون ( وەکو کەوتنە خوارەی سك بەبیٚ گیانی، یان کەوتنە خوارەوەی کۆرپەلە بەمردوویی یان مردنی کۆرپەلە بە (نەبەکامی) واتە دوای ئەوەی

28هەفتە تەواو ئەكات،مردنی منالْ لەهەفتەی یەكەمی دوای لەدایكبونیدا). بەپلەی یەكەم ئەگەڕێتەوە بۆ ناتەواوی خزمەتگوزاریی سەرپەرشتی دایكایەتی لەكاتی سك پڕیو لەدایكبوندا.

سالآنە ژمارەی ئەو منالاڵە تازە لەدایكبوانەی ئەمرنو ئەوانەی بەمردوویی لەدایك ئەبن ئەگاتە 8ملیۆن كۆرپە.

هۆكاری سەرەكی ئەومردنانە بەپلەی یەكەم هەمان هۆكارن كەئەبنە هۆی مردنی دایكانو لەسكو زا كەوتنیان كەبریتین لە: كەمو كوڕی خزمەتگوزاریی دایكایەتی، بیٚ سەرپەرشتیاریی و پیس وپۆخڵیی، خراپی ئامادەكاریی بۆ لەدایكبون،كەمی یان هەر نەبونی چاودێریو سەرپەرشتی كردنی منالە تازە لەدایكبوەكە.

## نەخۆشیەكانیش دیسان كۆستێكی گەورەن.

40٪ زیاتری هەموو ژنە دووگیانەكان بەدەست نەخۆشیە تیژەكانی كاتی سك پڕیو كاتی منالْبونو دوای منالْبونەوە، ئالودەنو ڕێژەی 15٪ ی ئەو ژنە سك پڕانە تووشی كۆمەلێك ماك ئەبن كەهەرەشە لەژیانیان ئەكات.

زیاتر لە 300ملیۆن ژن– كەئەكاتە زیاتر لەچواریەكی سەرجەم ئەو ژنانەی لەتەمەنی سكو زا، دان لەولاتە تازە پێگەیشتوەكاندا– ئالودەی نەخۆشیە كورت خایەنو درێژ خایەنەكانی سكو منالْبون ئەبن، هەروەها ڕێژەی ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی دایكایەتیەوە توشی ژنان ئەبێت ئەكاتە 18.5٪ ی سەرجەم ئەو نەخۆشیانەی كەتوشی هەمو ژنانی ولاتە تازە پێگەیشتوەكان ئەبێتو ئەو 18.5٪ دابەش ئەبێت بۆ ماكە درێژخایەنەكانی سك پڕیو منالْبونو داخزانی منالْدانو ناسۆرو سوزەنەكو سك نەكردنو ئازارەكانی كاتی جووت بون.

سالآنە نزیكەی 80هەزار ژن لەجیهاندا توشی ناسۆر ئەبن كەبریتی یە لەكون بونی كەنالی منالْبونو لەوێوە شلەمەنی لە میزەلْدانو كۆمەوە ئەزێتە ناو شوێنی جووت بونەوە كەئەبێتە هۆی ئەوەی ژنەكە بەدرێژی ژیانی سوزەنەكی بێت، ژمارەی ئەو ژنانەی كەئێستا لەژیاندانو توشی ناسۆر بون لەنێوان نیو ملیۆن ویەك ملیۆن ژندایە لەجیهاندا كە زۆربەیان لەناو كۆمەلْدا ئەبێزرێنو مێردەكانیان تەركی ئەوە ئەكەن بچنە لایانو لەمالەكانیان دەرئەكرێنو كەسوكاریان نایانگرنە خۆ.

ژانی قورسیش لەوانەیە ببێتە هۆی فەوتاندنی هەمیشەیی (عصب) و نەمانی هەست كردنو لاوازیی هەمیشەیی ماسولكەكانی چوارپەلو زۆر جار وا لە ژن ئەكات پەكی بكەوێتو لەمالەوە بكەوێت.

### هۆكارەكانی مردنی ژنان

ئەتوانریٚ ڕیٚ لەزۆربەی حالەتەكانی مردنی ژنان بگیرێت ئەگەر لەكاتی سك پڕیو منالْبونو (زەیستانی) دا لەژێر چاودێریو سەپەرشتی پزیشكی دابێت، ئەمەش بەوە دێتە دی سیستەمە تەندروستیەكان بەهێز بكرێنو هەمو ناوچەكانی نیشتەنیو مەلبەندە تەندروستیو نەخۆشخانەكان بەیەكەوە ببەسترێنەوە بۆ ئەوەی ژنان لەهەركات و شوێنێكدا پێویستیان پێی بو لەبەر دەستیاندا بێت.

زۆربەی حالەتەكانی مردنی دایكایەتی یالەكاتی منالْبون یان لەكاتی زەیستانیدا ڕوو ئەدات، ئەمە ئەو ماوە كورتەیە كەئەگەری دەستكەوتنی چارەسەر لەهەمو كاتێك كەمترە. لەبەر ئەوە دابین كردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی چاك لەو ماوە ناسكەدا گرنگترین دەروازەی تەندروستی یە لێوەی بچینە ژورەوە بۆ بەربەست كردنی مردنی دایكو كۆرپەو پاراستنیان لەونەخۆشیانەی دێتە ڕیٚ یان.

## سەرپەرشتیو چاودێریی لەکاتی منالْبون دا

سالآنە 60ملیۆن منالْبون ڕوو ئەدات کەدایکەکانیان تەنیا یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەیان یان مامانێکی ڕانەهێنراویان بەدیارەوەیە یان هەرکەسیان بەدیارەوە نیە. ڕێژەی ئەو منالآنەی لەولآتە تازە پێگەیشتوەکاندابەسەرپەرشتی کەسێکی پسپۆڕو ڕاهێنراو وەکو پزیشكو مامانی ڕەسمی هێشتا زۆر کەمەو لە 53٪ ی کۆی لەدایکبونەکانی ئەم ولآتانە تێناپەڕێت.

بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا هەر هیچ نەبێت بوون ی کارمەندێکی تەندروستی شارەزا لەکاتی منالْبون دا زۆر پێویستە بۆ مسۆگەرکردنی منالْبونەکە بەبێوەی چونکە ئەو کارمەندە تەندروستیە شارەزایە یان ئەو مامانە ڕەسمی یە بەلایەنی کەمەوە لەکاتی ژان گرتنو منالْبونەکەدا ڕەچاوی پاكو خاوێنی ئەکاتو مامەڵەی نەشارەزاو بیٚ بەزەیی یانەو دڵڕەقانە لەگەڵ ژنەکەدا ناکاتو ئەگەر بارێکی ناسروشتیو نەخۆشیەك هەبێت بۆی بکرێت چارەسەری ئەکاتو ئەگەر نەیتوانی ئەیئاوزێت ڕەوانەی دەزگایەکی تەندروستی تایبەتمەندی بکات.

## سەرپەرشتیو چاودێری لەکاتی زەیستانی دا

ڕێژەیەکی زۆر کەم لەژنانی ولآتە تازە پێگەیشتوەکان کەلە 30٪ کەمترە لەماوەی زەیستانیدا سەرپەرشتی پزیشکی یان دەست ئەکەوێت، لەناوچە زۆر هەژارەکانی ئەم ولآتانەدا ئەو ڕێژەیە دائەبەزێت بۆ نزیکەی 5٪، بەلآم لەولآتە پێشکەوتوەکاندا ڕێژەی ئەو دایکانەی لەکاتی زەیستانیدا لەژێر چاودێریی پزیشکدان ئەگاتە 90٪، زۆربەی زۆری مردنی دایکان ئەکەوێتە ئەو ماوەیەی ڕاستەوخۆ دوای منالْبون دێت لەبەر ئەوە چاودێریو سەرپەرشتی کردنی لەو ماوەیەدا دڵنیامان ئەکاتەوە لەوەی باری تەندروستی دایکەکەو کۆرپەکەی لەچی ئاستێکدایەو دەرفەتێکی لەبارە بۆ ئەوەی دایکەکە شیری خۆی بدات بەمنالْەکەیو مامانو کارمەندە تەندروستیەکانیش شارەزا تر ئەکاتو ئاشنایان ئەکات بەجۆری گیرو گرفتو نەخۆشیەکانو چۆنێتی چارەسەر کردنیان

### سەرپەرشتیو چاودێریی لەکاتی سك پڕیدا

ملیۆنەها ژن لەولآتە تازە پێگەیشتوەکاندا لەکاتی سك پڕیدا هیچ سەرپەرشتیو چاودێری یەك ناکرێن. ڕێژەی ئەو ژنە سك پڕانەی خزمەتگوزاریی تەندروستیان پیٚ ئەگات لەولآتە تازە پێگەیشتوەکاندا 65٪و لەئەفریقا 63٪و لەئەمریکای لاتینیو ولآتانی دەریای کاریبی 73٪ . بەلآم لەولآتە پێشکەوتوەکاندا ئەو ڕێژەیە ئەگاتە 97٪ ی سك پڕەکان . ئەم چاودێریو سەرپەرشتی یە ئەبێتە هۆی ئەوەی نەخۆشیەکان هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیانەوە هەستیان پیٚ بکرێتو چارەسەربکرێنو پێشبینی بۆ ئەو نەخۆشیو گیروگرفتانە دروست ئەکات کەلەوانەیە بێتە ڕێگا، پێش ئەوەی ڕوو بدەن. ئەگەر نەخۆشیو ماكو ناتەواویەك هەبو لەڕێگای سەرپەرشتی پزیشکیەوە ئەو شوێنو کاتە دەست نیشان ئەکرێت کەبارەکەی تیا چارەسەر ئەکرێت، ئەمە جگە لەوەی ئەو چاودێریو سەرپەرشتی یە لەکاتی سك پڕیدا دایکەکەو خێزانەکانیان ڕائەهێنێت بەشێوەیەکی دروستو شێنەیی خۆیان بۆ منالْبونەکە ئامادەبکەن.

کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز ئەبنە هۆی ئەوەی ژنان. بەئاستی پێویست سود لەخزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دایکایەتی وەر نەگرن، باشترە لێرەدا هەندێکیان دەست نیشان بکەین وەك:

*دوورە دەستیی ئەو مەڵبەندو داموو دەزگایانە لەژنانەوە.

* گرانی کرێی دەردۆزی (فحص) و شیتەڵو داوو دەرمانو هاتوچۆ.

* زۆری کارو بارو ئەركو لێپرسراوەتی ژنان بەجۆرێك نەیانپەرژێتە سەرخۆیان.

* بڕیاری هاوبەشی کردنو سود وەرگرتنو ڕاوێژ کردن بەو دامو دەزگایانە لەناو خێزاندا بەدەست کەسانی ترە.

* ناتەواویو ناهاوچەرخی جۆری خزمەتگوزاریەکان

* مامەڵەی خراپو ڕۆتینی ئەو دامو دەزگایانە لەگەڵ دایکانی نەشارەزاو چاو نەکراوە وایان لێ ئەکات دوودڵ بن لەسەردانیان.

## ئەتوانرێ چی بکرێت؟!.

* دەستە بەرکردنی توانای سود وەرگرتن لەخزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دایکایەتی:

ئەتوانین ژنان لەزۆربەی حاڵەتەکانی مردنی دایکایەتی بپارێزینو ملیۆنەها حاڵەتی نەخۆشیو پەککەوتن بەر پێ بگرینو هەمو ساڵێك ژیانی 1.5ملیۆن منداڵ بپارێزین ئەگەر سەرپەرشتیو چاودێری تەندروستی بنەڕەتی بۆ ژنانی سك پڕ دابین بکەین، بەئامادەکردنی چاودێریی پزیشکی ومامانی کارامە وراهێنراوبۆ قۆناغەکانی سك پڕی ومناڵبون وزەیستانی .بەوجۆرە ئەتوانین دایکان بەدور بگرین لەنەخۆشی وماك وگرفتەکانی ئەو سێ قۆناغە وچارەسەرکردنی دەستبەجێ یان لەکاتی ڕوودانیاندا، ئەمە لەپاڵ پێشکەش کردنی بێ گیروگرفتی خزمەتگوزاریەکان و نەخشەبەندە کردنی ژمارەی ئەومناڵانەی دایك وباوکەکان بڕیاری لەسەر ئەدەن، لەحاڵەتی  داواکردنو ڕاوێژکردندا. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین دابین کردنی هەمو ئەو خزمەتگوزاریانە لەوڵاتە هەژارەکاندا لە3 دۆلار زیاتری تێ ناچێت بۆ هەر دایکێك.

* چارەسەرکردنی جیاوازی لەسەر بنچینەی ڕەگەزو کێشەی هەژاریو ڕەگەز پەرستیو بەکەم زانینی ژنان لەسەر تاسەری جیهاندا.

بەواتا ئەبێ باری ژنان لەهەمو ڕوویەکەوە لەهەمو جیهاندا چاك بکرێو ڕێزو بەهای تایبەتی تەواو بدرێ بەڕۆڵی ڕپرپایەخی ژنان لەبواری سكو زاو بەرهەم هێنانی ئابوریدا بەتایبەتی کەهاوبەشییو هاوکاری ئەکات لەبواری ئابوری خێزانو ئابوری وڵاتدا.

هەروەها ئەبێ گۆڕانکاری لەهەڵوێستی خێزانو کۆمەڵگادا بەدی بێت بەرامبەر سود وەرگرتنی ژنان لەخزمەتگوزاریەکانی قۆناغەکانی سك پڕیو منداڵ بونو زەیستانی،و دیاریکردنی ژمارەی ئەو منداڵانەی کەخواستیانە.

## ئەگەری مردنی ژنان بەهۆی ماکەکانی سك کردنەوە، بەدرێژی ژیانی

| ناوچە | ئەگەری مردن |
|---|---|
| ئەفریقا | 1ژن لەهەمو 16ژنێك |
| ئاسیا | 1ژن لەهەمو65ژنێك |
| ئەمریکای لاتینو وڵاتانی کاریبی | 1ژن لەهەمو130ژنێك |
| ئەوروپا | 1ژن لەهەمو1400ژنێك |
| ئەمریکای باکور | 1ژن لەهەمو 3700ژنێك |

کۆی ولاَتانی تازه پێگەیشتو1 ژن له هەمو 48ژنێك
کۆی ولاَتانی پێشکەوتو1ژن لەهەمو 1800ژنێك

## بەگەڕخستنی کۆمەلاَیەتی و ئابوریی مەزن

دایکایەتی بێ ژان و بێوەی بۆ هەمو ژنانی جیهان پێویستی بەوەیە حکومەته نیشتمانیەکان و ئاژانسه فره لایەنەکان و ڕێکخراوه بیانی و نیشتمانیه ئاوێتەکان و ڕێکخراوه پیشەییەکان، تەندروستی دایکایەتی بخەنه پێشەوەی لیستی نیازو بەرنامەکانیان بۆئەوەی پشتگیری سیاسی و تەرخان کردنی بودجەیپێویستیبۆمسۆگەر بکەن.

پرۆسەی دایکایەتی بێوەی بەگەڕخستنێکی ئابوری و کۆمەلاَیەتی بەسودی گەورەیه. پشتگیری کردنی تەندروستی ژنان تەنیا هەر پاراستنی تەندروستی ژنان خۆیان نیه، بەلْکو پشتگیری کردنی تەندروستی سەرجەم خێزان و هێزی کاره که ئەبێته هۆی خۆشگوزەرانی و کامەرانی گەلان و ولاَتان.

لەم ماوەیەی دوایدا زنجیرەیەك کۆنگرەی نێودەولْەتی بەستروان هەمویان پێلەسەر ئەوه دائەگرن کەم کردنەوەی ڕێژەی مردنی دایکایەتی و دەستەبەرکردنی چاودێری و سەرپەرشتی کردنی ژنانی سك پڕ دوو ئامانجی سەرەکی سەرجەم بەرنامەکانی تەندروستی دایکایەتی و منالْبونه. گومانی تیانیه بایەخدانی سەرەکی بەسەرپەرشتی کردنی دایکایەتی لەپلانه نیشتمانیه ئابوریو تەندروستیو کۆمەلاَیەتی ه کاندا، ملیۆنەها دایكو کۆرپەکانیان لەمردنەکانی پەیوەندیدار بەسكو زا وه ئەپارێزێ و دوریان ئەخاتەوه لەجۆرەها نەخۆشی و پەککەوتن کەتائێستا لەزوربەی ناوچەکانی جیهاندا بلاَوه.

زیاتر تێگەیشتن لەوەی دایکایەتی بێ ژان و بێوەی بەگەڕخستنێکی گەورەی ئابوریو کۆمەلاَیەتی یه لەده سالْی داهاتودا هۆکارێکی بنەرەتیه بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی هەلْمەتی دایکایەتی بێژانو بێوەی.

## ئەنجامەکانی ڕەچاونەکردنی تەندروستی دایکایەتی:

ئەو ئەشکەنجەو مردنانەی ڕوبەڕوی ژنان ئەبنەوه لەکاتێکدا ژیان ئەبەخشن بەنەوەکانی نوێ چارەنوسێکی بڕیاردراو نیەو مەرج نیه هەر ئەبێت ڕووبدات. بەلْکو ئاکامێکه بەچەندین هەنگاو پوچەلْ ئەکرێتەوه ،ئەمه جگەلەوەی کۆمەلْێك بنەمای ئابوریو کۆمەلاَیەتی ڕەتی ئەکەنەوه. کاتێك ژنێك ئەمرێت خێزانەکەیو کۆمەلْگا توشی کۆمەلْێك زیانی گەوره ئەبن کەئەمانه بەشێکیانه:

*خێزانەکه ڕۆلْی ژنەکەی لەکیس ئەچێت لەبەڕێوەبردنی کاروباری ناومالْو بەخێوکردنی منالْو سەرپەرشتی ئەندامانی تری خێزان.

*ڕەوڕەوەی ئابوری ولاَت یەکێك لەئەندامانی هێزی کار لەدەست ئەدات.

*کۆمەلْگا یەکێك لەئەندامەکانی لەدەست ئەدات کەبەشداریی له کۆمەلْێك چالاکی ژیانی کۆمەلاَیەتیدا ئەکات بەبێ بەرامبەر .

* کەدایکێك ئەمرێو منالێکی تەمەن کەمتر لە 2ساڵ بەجی دێڵێ ئەگەری مردنی ئەو منالە سێ ئەوەندە هەتا دە ئەوەندەی ئەگەری مردنی منالێکە کە لەسایەی دایك و باوکیا ئەژی ئەمە جگە لەوەی ئەو منالانەی بێدایك ئەبن کەمتر چاودێری تەندروستی ئەکرێنو کەمتر ئەنێردرێنە بەرخوێندن هەروەها ئەو کرێیەی ژنان بەدەستی دێنن و چۆنیەتی خەرج کردنی لەناوماڵدا ئەوەستێتە سەر تەندروستی ژنەکە، لەکاتێکدا ژمارەی ئەو خێزانانەی ژن سەرگەورەیی یان ئەکات لەجیهاندا لەزیادبوندایە ئێستا 20٪ ی خێزانەکانی ئەمریکاو ئەفریقا ژن ئەیانبات بەرێوەو زۆربەی ئەوخێزانانەش منالی وردیان هەیە لێکۆڵینەوەکان ئەیسەلمێنن ژنان زیاتر لەپیاو ئارەزویان لەخەرج کردنی پارەیە لەپێناو بەرژەوەندی خێزانو ناومال و بەخێوکردنی منالدا،لەدابین کردنی خۆراكو پۆشاكو چاودێری تەندروستی و پێویستیەکانی خوێندن.

## چیمان دەست ئەکەوێ کاتێ دارایی لەتەندروستی دایکایەتیدا خەرج ئەکەین؟

*بێگومان ناساغیو نەخۆشی دایك کارئەکاتە سەر تەندروستی کۆرپەکەیو لەوانەیشە پێش دایکی بمرێت، رێژەیەك لەنێوان 30-40٪ ی مردنی کۆرپە واتە 1.5 ملیۆن تا 2.5 ملیۆن منال ساڵانە ئەتوانین رێ لەمردنیان بگرین ئەگەر دایکەکانیان لەکاتی سکپری و منالبونو زەیستانیدا سەرپەرشتی و چاودێری پزیشکی بکرێن. کەلەهەندێك ولاتانی ئاسیادا بۆیەك ژن تەنیا یەك دۆلاری تێئەچێت.

*سەرپەرشتی نەکردنو چاودێری نەکردنی دایکانو کەمی خۆراکیان دو هۆکاری سەرەکین  بۆ کەمی کێشی منالانی لەدایك بو:

سالانە نزیکەی 20 ملیۆن منال واتە نزیکەی 20٪ ی سەرجەم لەدایك بوان کێشیان لەکاتی کەوتنە خوارەوەدا لەتێکرای کێشی لەدایکبونی ئاسایی کەمترە ،ئەو منالە کێش سوکانە ئەگەری مردنیان لەمنالانی ئاسایی زیاترە و جگەلەوەی لەمنالی ئاسایی زیاتر و زوتریش توشی جۆرەها نەخۆشی  ئەبن کەبەشێکیان توشی لاوازیو بێهێزی هەمیشەیی و لاوازی بیستنو بینینو فێربونیان ئەکات و ژمارەیەکی زۆریان کەم ئاوەزئەبن.

*مردنی دایك ئەبێتە هۆی تەواونەکردنی خوێندنی منالەکانی و ئەگەری مردنیان، لێکۆڵینەوەیك کەلەبەنگلادیش ئەنجام دراوە نیشانی دا مردنی دایکان ئەگەری مردنی ئەو منالانە زیاتر ئەکات کەتەمەنیان لەخوار دەساڵەوەیە، لەماوەی دوساڵدا لەمردنی خۆی بەتایبەتیش ئەومنالانەی کە کچن.

کاتێك دایکێك بەهۆی منالبونەوە ئەمرێت کەمتر ئەگەری ئەوەهەیە منالەکانی خوێندن تەوا بکەن و ئەوانەی بەردەوامن ئاستی زیرەکیان دائەبەزێت، لێکۆڵینەوەیەك کە لەتەنزانیا ئەنجام دراوە نیشان ئەدات ئەو خێزانانەی دایکێکیان تیامردوە لەماوەی ئەو ساڵەدا ئاستی زیرەکیی منالەکانیان نیواو نیو دابەزیوە لەچاو ئەو منالانەی کەدایکیان ماوە بەلام کاریگەریی مردنی باوك بەو پلەیە نەبوە.

*بەرهەم و هەژاریی: ئەگەر ژن تەندروستی باش بێت لەهەژاریی کەم ئەکاتەوە بەگوێرەی ئەوەی هەوڵ و داهات و بەرهەمی زیاتر ئەبێت، بەلام کاتێك نەخۆش ئەبێت ناتوانێت نەلەماڵەوە و نەلەدەرەوە هیچ کارێك بکات لێکۆڵینەوەیەك لەهندستان سەلماندویەتی ئەگەر تەندروستی ژنان بەپێی پێویست بەرێوە برێت هێزی کاری ژنان 20٪ زیاد ئەکات، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە ئەوەمان لەیاد نەچێت نەخۆشی و ماکەکانی دایکان لەکاتی سكو منالبون و زەیستانیدا ئەبێتە هۆی ئەوەی خێزانەکان هەرچی پاشەکەوتیان هەیە لەچارەسەردا خەرجی بکەن یان بین بەژێر قەرزەوە.

*نەخۆشی دایك لەبەرهەم كەم ئەكاتەوە: نزیكەی 60٪ ی ژنانی سك پڕی وڵاتانی تازە پێگەیشتو ئالودەی ئەنیمیا (فقر الدم)ن كە وزەو هێزی لەشیان كەم ئەكاتەوەو توانای كاركردن و بەرهەم هێنانیان دائەبەزێت وەكو لەئەنجامی ئەو لێكۆڵینەوەیەدا دەركەوتوە لەسریلانكا و چین لەسەر ئەو ژنانە ئەنجام دراوە كە لە كێڵگەكانی (چا)دا كارئەكەن، هەمان ئەو لێكۆڵینەوانە سەلماندوویانە ئەو ژنانەی سكیان هەیە ئەگەر ماددەی ئاسن وەك چارەسەر وەربگرن ئاستی تواناو بەرهەم هێنانیان بەرزتر ئەبێتەوە.

*هەژاریی ژن واتە هەژاریی خێزان: لەكاتێكدا ژن بەهۆی نەخۆشیەوە لەكار دائەبڕێت یان پەكی ئەكەوێت سەرجەم خێزانەكەی لەداهاتو بەرهەمی بێبەش ئەبن و ئەوپارەیەی لەداهاتەكەی تەرخان ئەكرێت بۆ خۆراكو پۆشاكی منالەكانی لەچارەسەری خۆیدا خەرج ئەكرێت.

## ئەتوانرێ چی بكرێت؟!.

چاكردنی باری تەندروستی دایكایەتی لەو وڵات و بارودۆخانەشدا ئەكرێت كە هەژارانو داهاتیان كەمە، مەسەلەكە تەنیا پابەندیی راستەقینەی حكومەتەكان و ئاژانسەنێودەوڵەتیەكان و رێكخراوە پیشەییەكان و سەرمایە بەخشەكانە كە هاوكاری یەكتری بكەن بۆ پاراستنی تەندروستی دایكایەتی لەپێناوی بەدی هێنانی ئامانجە ئابوری‌و كۆمەڵایەتیەكانی ئەو بانگەشەیەدا كە پێویستی بەم هەنگاوانەیە:

+ پیاچونەوەی ئەو بودجانەی بۆ بواری تەندروستی تەرخان ئەكرێن بۆئەوەی بەشێوەیەكی كاریگەر تەندروستی دایكایەتی بگرێتەوە.

+ ئاراستە كردنی ئەو بودجەیەی بۆ تەندروستی دایكایەتی تەرخان ئەكرێت بە جۆرێك كەناوچە هەژارو دورە دەست‌و لادێ نشینەكان بگرێتەوە

+ پتەوتر كردنی توانای مەڵبەندەكانی تەندروستی‌و خەستەخانەكان بەوجۆرەی بتوانن خزمەتگوزاری سەرپەرشتی دایكایەتی بگەیەننە هەمو ژنێك لەقۆناغەكانی سك و منالبون‌و زەیستانیدا بەراهێنانی بەردەوامی كارمەندە تەندروستیەكان و دابین كردنی هەمو كەرەستەیەكی پێویستی مۆدێرن.

+ پشتگیری كردنی ئەو داموو دەزگا تەندروستیانەی بەپارە كارئەكەن بۆئەوەی هان بدرێن كرێ‌و نرخە كانیان هەرزان بكەن بەجۆرێك لەتوانای هەمو ژنێكدا بێت.

ئەگەر حكومەتەكان و ئاژانسە نێو دەوڵەتیەكان‌و رێكخراوە ئاوێتەكان‌و پیشەیی یەكان هاوكاری یەكتری بكەن‌و ئەو هەنگاوانە جێبەجێ بكەن ئەوا ئەتوانن:

*ژیانی 600 هەزار ژن مسۆگەر بكەینەوە كەساڵانە لەقۆناغەكانی دایكایەتیدا ئەمرن.

*رزگاركردنی ژیانی 1.5 تا 2 ملیۆن منال كەلەسەر حەوتەو چلە ئەمرن.

*بەخشینی ژیان بە 1.4 ملیۆن منال كە بەمردویی لەدایك ئەبن

## ژیانی دایكان بڕبڕەی ما فی مرۆڤ و دادپەروەری كۆمەڵایەتی یە

هۆی دانەبەزینی رێژەی مردنی ژنان بەهۆی نەخۆشی و ماكەكانی دایكایەتیەوە ئەگەرێتەوە بۆئەوەی ئەو حاڵەتی هەژاری و نەدارییەی تیائەژی ،لەگەڵ تەگەرە خستنەبەردەمی لەسود وەرگرتن لەو كەرەستەو بابەت‌و

خزمەتگوزاریانەی لەماڵەوە و لەکۆمەڵگاو لەبازاڕدایە،کە ئەبنەهۆی ئەوەی ژنان لەسەردەمی کچێنیو دواتریش لەقۆناغەکانی دایکایەتیدا بێبەش بن لە پشکی خۆیان لەو خزمەتگوزاریە تەندروستیانەی ئەبێت پێیان بڕێت. ئەم بارە ناهەموارەش لەئەنجامی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا دروست ئەبێت.

+ کەمیی زانیاریو بیروڕاو مافی دەست نیشانکردن: نەشارەزایی ژنان لەو بابەتو زانیاریە نوێیانەی پەیوەندی بەتەندروستی یانەوە هەیە بارێکی کۆمەڵایەتی وایان بۆ ئەرەخسێنێ بگەنە ئەو باوەڕەی ئەو ئازارو ژانو مردنو بەسەر مناڵەوە چوونە بەشێکە لەچارەنوسیانو ڕەت کردنەوەی نیە، جگە لەوەش واهەست ئەکەن سكو زا هەروایەو لەوباوەڕەدا نین لقێکی تەندروستی تایبەتە بەو پرۆسە پیرۆزەونازانن ئەو خزمەتگوزاریانە لەکوێو کەیو لەلایەن کێوە پێشکەش ئەکرێن؟!.

+ پەیوەندییە ناهاوسەنگەکان ئەبنەهۆی ئەوەی ژنان نەتوانن جم و جوڵ بکەنو بڕیاری دروست بدەن و سود لەکەرەستەو خزمەتگوزاریە بەردەستەکان وەربگرن. لەهەندێ وڵاتانی تازە پێگەیشتودا ئەبینین پیاوەکە یان یەکێکی تر لە خێزانەکەدا بڕیار ئەدەن ژنەکە لەکوێ مناڵی ببێت و کێی بەدیارەوە بێت. هەروەها زوربەی ژنان ناتوانن بەبێ پرسی مێردەکانیان سەردانی دەزگا تەندروستیەکان بکەن. جگە لەوەش نەبونی پارە لەبەردەست ژندا ئەبێتە هۆی ئەوەی چاوپۆشی بکات لەجێبەجێکردنی ئەرکە تەندروستیەکانی و ناتوانێ بەویستی خۆی سود لەجۆرو شوێنی خزمەتە تەندروستیەکان وەربگرێت.

+ سڵ کردنەوە لەسەردانی دەزگا تەندروستیەکانو مامەڵە کردن لەگەڵ کارمەنداندا. ژنان لەهەندێ ناوچەو توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا سڵ ئەکەنەوە لەوەی سەردانی دەزگا تەندروستیەکان بکەن چونکە وا تێئەگەن ئەو کەسانەی چارەسەریان ئەکەن قیزیان لێ ئەکەنەوەو ڕوشکێنیان ئەکەن چونکە لەوان پۆشتەترو پاکو تەمیزترو ڕۆشنبیرترن.

ئەمەش وای لێ ئەکات لەپێناوی چارەسەرێکدا دڵی لەخۆی بمێنێتو پێشبینی ئازاردانو مەترسی بکات، هەندێ جاریش واتێئەگات ئەو هەنگاوانەی پێی هەڵئەستێ هەڵەیەو ئەوانە نیە کەئەو مەبەستیەتی.

چاکردنی باری ژنان پێویستی بەوەیە دڵنیابکرێنو ئاشنا بکرێن بەو شێوازانەی زاڵیان ئەکات بەسەر ئەوکۆسپانەدا و تازە ترین زانیاری و شێواز کە پەیوەندیان بەتەندروستی یەوە هەیە بخرێتە بەردەستیان بۆئەوەی:

- بەدڵنیاییەوە سود لەوخزمەتگوزاریانە وەربگرن کە بەتایبەتی بۆ تەندروستی دایکایەتی تەرخان کراون.
- بێ دوودڵیو وەکو مافی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەوکارمەندو دەزگا یانەدا بکات.
- جیاوازی ڕەگەز کارنەکاتە سەرئەو بڕیارانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەتەندروستی دایکایەتیەوە هەیە.

## وتەیەك:

چاکردنی باری ژنان لەبواری تەندروستی دایکایەتیدا پێویستی بەکۆمەڵێك بنەماو بڕیاری تریش هەیە کەئەکەوێتە دەرەوەی سنوری دەسەڵاتەکانی دەزگا تەندروستیەکان. ژنان بۆئەوەی سودی تەواو لەخزمەتگوزاریە تەندروستیەکان وەربگرن ئەبێت زەمینەیەکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وایان بۆ برەخسێنرێت پڕاوپڕ هەست کردن بە لێپرسراویەتی و سەر بەستی تیا بەدی بکرێت، ئەمە لەپاڵ تەرخان کردنو دابین کردنی داراییو بودجەو کەرەستە مادیەکانو زەمینە دەرونیەکان و دامەزراندنی دامو دەزگاکانی هوشیار کردنەوەی ژنانو و داکۆکی کردن لەمافە تەندروستیەکانیان.

## ئەتوانرێ چی بکرێت؟!.

ئەگەربمانەوێ چارەسەری هەمو ئەوکێشانە بکەین کەدێنە رێی بەدی هێنانی ئامانجەکانی دایکایەتی بێ ژان و بێوەی لەماوەی دەساڵی داهاتودا ئەبێ کۆمەڵێك رێ وشوێن لەسەر ئاستی هەردو کەرتی تایبەتی و گشتی بکرێت کەهەمو زەمینەکانی بۆدابین و مسۆگەر بکات لەوانە:

- ئەبێ ژنان ئازادیەکی تەواویان هەبێت لەبڕیاردان لەو بنەمایانەی پەیوەندیان هەیە بەباری تەندروستی یانەوە، لەناو خێزان و کۆمەڵگاشدا، ئەبێ رێیان بۆخۆش بکرێت مافە تەندروستەیکانی خۆیان بزانن و نارەزایی دەربڕن بەرامبەر ئەو کردارو رێبازانەی ئەو مافانە پێشێل ئەکەن، بالەلایەن کۆمەڵگاشەوە قبوڵ کرابن و ئەو هەستەیان لادروست بکرێت سود وەرگرتن لەخزمەتگوزاریە تەندروستیەکان مافێکی سروشتی خۆیانە لەپێناوی دایکایەتی یەکی بێ ژانو بێوەی داو ،چاکەو منەت نیە بەسەریانەوە.

- ئەبێ بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن فراوانتر بکرێن بۆئەوەی ژنان زیاتر بگرێتەوە و بواری کارکردنیان بۆ والآتر بکرێ بۆئەوەی سەرچاوەی داهاتیان زیاتربێت و بتوانن لەگیرفانی خۆیان بەرژەوەندیە تەندروستیەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

- ئەبێ کچانی هەرزەکار هان بدرێن بۆئەوەی ئارەزوە شەخصی و زانستیو وەرزشیەکانیان پەرە پێ بدەن بۆئەوەی بڕوایان بەخۆیان پتەوبێت و پێش شووکردن لەشو لارێکی پتەوو لەباریان هەبێت.

*ئەبێ پیاوان لەخێزان و کۆمەڵگادا ئامادەبکرێن بواری بڕیاردانی ژنان لەسەر بابەتە تەندروستیەکان فراوانتر بکەن لەپێناوی رەخساندنی چوارچێوەیەکی زانستی بۆ ژیانی خێزانیی.

- بەدی هێنانی یەکسانیی لەنێوان هەردو رەگەزەکەدا لەبوارەکانی دارشتنی سیاسەتو یاسا تەندروستیەکان و سەرپشك کردنی ژنان لەدەست نیشانکردنی ئەو سیاسەتو یاسایانەی پەیوەندیان هەیە بەتەندروستی ژنانو هەرخۆشیان راسپێردرێن بۆ جێبەجێکردنو هەڵسەنگاندنیان.

- پێویستە ئەو کارمەندانەی لەبواری سەرپەرشتی و چاودێری کردنی قۆناغەکانی دایکایەتیدا کارئەکەن ئامادەبکرێن پلەو پایەی راستەقینەی ژن بزانن و هەمو زانیاری و حەقیقەتەکانی ژیانی ژنان بخرێتە بەردەستیان و ئاشنابکرێن بەو بارو زروفو ئازارو ئەشکەنجانەی دێنە رێی ژنانو لەسەری راهاتون، بۆئەوەی بەشداری بکەن لەتێگەیشتنیانو چارەسەرکردنیان.

### پشتگیری کردنی دایکایەتی بێوەی لەرێگای مافی مرۆڤەوە:

مەسەلەی پاراستنی ژنان لەمردن و نەخۆشیەکانی دایکایەتی لەکاکڵەدا مەسەلەی دادپەروەری کۆمەڵایەتیو پاراستنی مافی مرۆڤە.

وەرچەرخاندنی کێشەی مردنی دایکایەتی لە "مەترسیەکی تەندروستیەوە" بۆ "زوڵمێکی کۆمەڵایەتی" بنچینەیەکی یاساییو سیاسی بۆ حکومەتەکان دائەرێژێت کە مسۆگەرکردنی تەندروستی دایکایەتی بۆ هەمو ژنانی لەسەر بینا بکەن، ئەو بینایەی کە ژیانیان ئەسێنێتەوە.

پەیڕەوکردنی یاساکانی مافی مرۆڤ لەسنوری تەندروستی دایکایەتیدا مەسەلەیەکی پڕبایەخە، بەوە داوا ئەکرێت و پێی لەسەر دائەگیرێت هەمو ژانو ئازارو نەخۆشیە ژنانەکانو دایکایەتیەکان بە دەرەنجامی "زوڵمی کۆمەڵایەتی" لەبەرچاو بگیرێنو حکومەتەکان ناچار بکرێن لەرێگای نیزامە سیاسیو تەندروستیو یاساییەکانەوە کار بۆ بنەبڕکردنی بکەن.

## پەیڕەوکردنو دەستەبەرکردنی پاراستنی مافی مرۆڤ یارمەتی ژنان ئەدات زەمینە خۆش بکەن بۆئەوەی:

- ئەو بڕیارانە دابڕێژن کە بە شێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندی هەیە بەتەندروستیانەوە ، دورلە دەست تێوەردانو گوشار.
- سود وەرگرتن لەو خزمەتگوزاری و زانیاریانەی پەیوەندیان هەیە بەسكو منداڵبونو زەیستانیەوە.

دەستورە نیشتمانیەکانو رێکەوتننامە نێو دەوڵەتیەکان کە تایبەتن بەمافی مرۆڤەوە ئەگەر لەبەرژەوەندی چەسپاندنی دایکایەتی بێوەی بەکاربهێنرێن سودێکی گەورەیان هەیە، بەڵام تائێستا ئەو دەستورو رێکەوتننامە و کارنامانە وەکو پێویست لایان لەوبابەتە نەکردۆتەوە .

هەندێك لەو پەیمان و رێکەوتننامانە بریتین لە:

- کارنامەی نەهێشتنی هەمو جۆرەکانی رەگەز پەرستی دژی ژنان(CEDAW) .

(Convention of Eliminate Discrimination Against Women)

- کارنامەی نێودەوڵەتی بۆمافە مەدەنیو سیاسیەکان.
- کارنامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە ئابوریو کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری یەکان
- کارنامەی مافەکانی منداڵ
- بانگەشەی مافی مرۆڤ لە ئیسلامدا کە وەزیرانی دەرەوەی وڵاتە ئیسلامیەکان لەساڵی 1990 پەسەند یان کردوە.
- کارنامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ
- کارنامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ
- کارنامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی گەلان.

هەریەکێك لەم کارنامانە کۆمیتەیەکی چاودێری و بەدوادا چونی هەیە شێوازی پابەندبونی ئەودەوڵەتانە دیاریی ئەکات کە ئیمزایان کردوەو، چاودێری مەوداکانی جێبەجێ کردنی بەڵێنەکانیان ئەکات. دەوڵەتەکانیش ئەبێت هەرماوەیەکی دەستنیشان کراوجارێك ئەوکۆمیتەیە ئاگادار بکەنەوە لەهەموو ئەوبڕگانەی جێبەجێیان کردوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەومافانەی بەڵێنی پاراستنیان ئیمزاکردوە.

یەکێك لەوكارنامە گرنگانە کەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەمافەکانی تەندروستی دایەکایەتی یەوە هەیە، بەڵێننامەی ژنان (Convention of Women)ە. کە 160 دەوڵەت ئیمزایان کردوە:

**ڕو بەڕوبونەوە:**

بۆئەوەی چەسپاندنی مافەکانی دایکایەتی بێوەی لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا مسۆگەربکەین ئەبێ ئەم خاڵانە بکەین بەدەروازە و بنەماو بنچینە:

- داواکردنی ئەومافانەی پەیوەندیان هەیە بەپاراستنی ژیانو ئازادیو ئاسایشی تاکەوە.

- لەچوارچێوەی (مافی ژیان بۆ ژنان ) دا ئەتوانرێ حکومەتەکان ئاراستە بکرێن خزمەتگوزاریەکانی سكو منالبون و زەیستانی بۆ هەمو ژنێك دابین بکەن.

- داواکردنی ئەومافانەی پەیوەندیدارن بەدروست کردنی خێزانو بەڕێوەچونی ژیانی خێزانیی بەیەکسانیی، لەو ڕێگایەوە ژنان ئەتوانن داوای دابین کردنی هەمو خزمەتگوزاریە پێویستەکانی لەش ساغی بکەن بۆ ئەوەی بتوانن خێزان پێکبێنن دواتریش داوابکەن مافی منالەکانیان و لەش ساغی یان مسۆگەر بکرێت بۆئەوەی ژیانێکی خێزانیی کامەران بەسەربەرن.

- ئەومافانەی پەیوەندیدارن بەیەکسانی و جیاوازی نەکردن لەسەر بنچینەی ڕەگەزو پایەی خێزانیو نەتەوایەتی و تەمەنو ڕەنگی پێست. لەم ڕێگایەوە حکومەتەکان پابەندئەکرێن هەمو کەسێك یەکسان بێت لەخزمەتگوزاریەکانی: پەروەردەو تەندروستی، بۆژنان و کچان و منالان و بەساڵاچوانو تاد. لەهەرچینو توێژو ڕەگەزو نەتەوەو ئاینو ڕەنگو پلەیەکی کۆمەڵایەتی بن.

**ئەتوانرێ چی بکرێت؟!.**

لەم دەساڵەی دوایی دا کاری زۆر کراوە و دەسکەوتی مەزن بەدەست هاتوە لەبواری گونجاندنی مرۆڤ لەگەڵ مافەکانی تەندروستی دایەکایەتیدا بۆ نمونە بەرنامەی کاری (کۆنگرەی نێودەوڵەتی دانیشتوان و پەرەپێدان ) کە لەقاهیرە بەسترا، داوائەکات هەمو حکومەتەکان کاربکەن بۆ دابەزاندنی ڕێژەی مردنی دایکایەتی بۆ نیۆاو نیۆتا ساڵی 2005 و دواتر کارکردن بۆئەوەی تا ساڵی 2015 جارێکی تر دابەزێتەوە بۆ نیوە.

بەرنامەی کاری کۆنگرەی قاهیرە لەخۆیدا حکومەتەکانی ناچار نەکرد بە جێبەجێ کردنی. بەڵام کارنامەی نەهێشتنی جیاوازی بەرامبەر ژنان – کە ساڵێك دواتر ئیمزاکرا کارنامەی کۆنگرەی دانیشتوانی پەسەندکردو، لەسەر وڵاتانی پێویست کرد جێبەجێی بکەن ،کە یەکێك لەبڕگە گرنگەکانی: مافی ژن و مێردە بڕیار بدەن لەسەر منالبونو دیاری کردنی ژمارەو کاتو شوێنی لەدایکبون، وەهەروەها ئەبێت هەمو پێویستیەکی تەندروستی بۆ ژنان دابین بکرێت کە بتوانن ماوەی سك و منالبون و حەوتەو چلە بەبێوەی بەسەر ببەن.

ئەو کارنامەیە هەروەها وڵاتان ناچار ئەکات، کۆمیتەکانی چاودێریی لەهەمو هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی مافەکانی ژنان لەچوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا ئاگاداربکەنەوە. بەپێچەوانەوە لێپرساو ئەبن بەرامبەر دادگا دەستوریەکان و لیژنەکانی بەدواداچونی کارنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان لەجێبەجێ نەکردنو دابین نەکردنی ئەو مافە تەندروستیو مرۆییانەی کە چاکردنی باری تەندروستی و کەرامەتی ژنان مسۆگەر ئەکەن.

جگە لەوەش ئەبێت بەپەلە:

- ئەو یاسایانە راست بکرێنەوە کە ئەبنە هۆی زیادکردنیرێژەی مردنی دایکان (وەکو ئەویاسایانەی ژنان ناچار ئەکەن بەبێ پرسی پیاوەکانیان سود لەخزمەتگوزاریە تەندروستییەکان وەرنەگرن و ئازاد نەبن لەدیاریکردنی رێرەوی سكو زا.
- ئەویاسایانە جێ بەجێ بکرێن کە بەرژەوەندیە تەندروستیەکانی ژنان ئەپارێزن وەکو قەدەغەکردنی بەشوودانی تەمەن منداڵو قەدەغەکردنی ئەو نەریتانەی شێوەی کۆئەندامی زاوزێ ئەشێوێنن لەگەڵ جێبەجێکردنی سزا بەرامبەر تاوانەکانی ئەتك کردن و دەستدرێژی کردنە سەر ناموسی ژنان بەزۆرە ملێ.
- ئەو بنەمایانە جێبەجێ بکرێن کە لەچوارچێوەی یاساو دەستورە نیشتمانیەکاندا، دایکایەتی بێوەی مسۆگەر ئەکەن.(وەکو ناچارکردنی وڵاتان بەدابەزاندنی رێژەی مردنی دایکایەتیو مامەڵەکردنی تەندروستی و چارەسەرکردنی ژنان بەشێوازێك کەپلەو پایەو رێزیان بپارێزێت.

## دواخستنی سكو منداڵبون:

سك کردن لەتافی هەرزەکاریدا کە بەپێی پێناسەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بریتیە لە تەمەنی نێوان 10 ساڵ و 19 ساڵ کۆمەڵێك مەترسی گەورەی لەرێ دایە. ئەو نۆبوکانەی تەمەنیان لەنێوان 15 – 19 ساڵدایە لەکاتی منداڵبوندا ئەگەری مردنیان دوو ئەوەندەی ئەگەری مردنی ئەودایکانەیە کە لەسەرو بیستەوەن، بەڵام ئەوانەی کە تەمەنیان لە 15ساڵ کەمترە لەکاتی سك کردنو منداڵبوندا ئەگەری مردنیان پێنج ئەوەندەی ئەوانەیە کە تەمەنیان لە 20 ساڵ زیاترە.

لەگەڵ ئەوەدا کەمەترسی مردن لەئەنجامی سكو منداڵبوندا لەسەر ئەو ژنانەی لەتافی هەرزەکاریدان زۆرە، رێژەی سك پڕبونیشیان لەزۆر وڵاتاندا لەرێژەکانی تەمەنەکانی تر زیاترە. بەجۆرێك ئەگاتە 11٪ ی سەرجەم ئەو منالانەی کە لەساڵێکدا لەدایك ئەبن و ژمارەیان نزیکەی 15 ملیۆن منالە. بەو پێیە ئەتوانین بڵێین لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا نەخۆشیو ماکەکانی سكو منداڵبون و زەیستانیی لەئەنجامی زوو سك کردن و پەلەی کوڕ و نۆبەرەدا هۆکارێکی سەرەکیی مردنی ئەو ژنانەیە کە تەمەنیان لەنێوان15–19 ساڵدایە .

ئەتوانین لەدایك بونی نۆبەرە دوابخەین بەدواخستنی سك پڕبون بەنۆبەرە بە بەکارهێنانی شێوازە کاریگەرەکانی رێکخستنی سكو زا ئەویش بەهەوڵدان بۆ گۆڕینی بیرکردنەوە شەخصیو کۆمەڵایەتیەکان بەرامبەر زوو سك کردنو منداڵبون. ئەم هەوڵەش بەوە دێتەدی دەرفەتی پەروەردەو فێرکردنو کارکردنیان بۆزیاتر بکرێت تا دووربن لەبیرکردنەوە لە بەپەلە سك کردن.

بە نیسبەت ئەو هەرزەکارانەشەوە کە سکیان کردوە و منالیان بوە هەمو توانایەك بخرێتە کار لەرێگای پێش کەش کردنی چاکترین خزمەتگوزاری تەندروستییە وە بۆئەوەی دایکایەتی یەکەیان بێ مەرگ و بێوەی بێت لەم ڕووەوە ئەبێت بریارەکانی کۆنگرەی دانیشتوان لەقاهیرە جێبەجێ بکرێت کەداوا ئەکات هەمو مەرجە تەندروستیەکانی ژن و مێردایەتی و سكو زا بۆ هەرزەکاران بخرێتە بەردەست لەرێگای ئەو بەرنامانەوە کەچارەسەری کێشەکانی: منداڵبونی بێ بەرنامەو لەباربردنی مەترسیدارو بێ سەرەو بەرەیی جووت بونو بەربەرەڵڵایی جووت بونو توندوتیژیی جووت بونو دەستدرێژی کردنە سەر ناموس و ئەتك کردنو شێواندنی کۆئەندامی جووت بونو پەتای ئەیدز ئەکەن.

## زیانە ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی زوو سك کردن:

مەترسیە تەندروستیەکانی سك کردنی هەرزەکاران لە ولاتە تازە پێگەیشتوەکاندا تاڕادەیەکی زۆر زانراون بەلام زیانە ئابوری‌و کۆمەلایەتیەکانی تا ئێستا زانیاری لەسەریان کەمە، هەرچۆنێك بێ ئەم شوێنەوارانەی خوارەوە بەفراوانی هەست پێ ئەکرێن.

• زوو سك کردن دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی هەرزەکارەکە کەمتر ئەکاتەوە. بەشێکی زۆری ئەو هەرزەکارانەی کە سك ئەکەن یەکسەر بیر لەوە ئەکەنەوە واز لەخوێندن بێنن، ئەوانەشی بەردەوام ئەبن زوربەی زۆریان دەرناچن، لە لێکۆلینەوەیەکی ناوخۆییدا لە پۆتسوانا دەرکەوتوە یەکێك لەهەمو حەوت خوێندکارێکی شوو کردو بەهۆی سکەوە واز لەخوێندن دێنن، لە کینیاش سالانە 10 هەزار خوێندکار بەهۆی سکەوە واز لەخوێندن دێنن.

• زوو سك کردن ئەبێتە هۆی ئەوەی دایکەکە توانای دابین کردنی بژێوی خۆی کەمتر بێتەوەو منالەکەشی وەکو پێویست پێ بەخێو نەکرێ.

• ژن بەهۆی زوو سك کردن بە نۆبەرەکەیەوە، وەکو دایکێك لەزوربەی چالاکی‌یە هونەری‌و زانستی‌و ئیداریەکانی دائەبڕێت کە بەکچیی ئەنجامی ئەدان و داب‌و نەریتە کۆمەلایەتیەکان ڕێگای بەدی هێنانی زۆر لەئاواتەکانی لێ‌ئەگرن کە وەکو کچ ئەیتوانی هەولیان بۆ بدات.

### ئەتوانرێ چی بکرێت؟!.

ئەو سیاسەت‌و بەرنامانەی ئامانجیان کەم کردنەوەی ڕێژەی سك کردنی هەرزەکارانە ئەبێت لەچارەسەری هۆکارە کۆمەلایەتی‌و ئابوری‌و کەلتوریەکانەوە دەست پێ‌بکەن کەئەبنەهۆی هاندانی زوو شووکردن‌و زوو سك کردن، چونکە تا ئێستا بەرنامەکان پشتیان بەستوە بە ڕونکردنەوەی زیانە تەندروستی‌یەکانی سك کردنی هەرزەکاران‌و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی هوشیاریی تەندروستی سك‌و زا. بەلام ئەوسیاسەت‌و بەرنامانە پێویستە لەمەولا بایەخ بدەن بەگۆرانکاریە درێژخایەنەکان وەکو هاوسەنگ کردنی پایەو باری کۆمەلایەتی نێرو مێ و فراوانکردنی بوارەکانی تایبەتمەندیی کاری ژنان و زەمینە خۆشکردن بۆئەوەی کچان زیاتر بڕوایان بەخۆیان بێت و پشت بەخۆیان ببەستن لەدابین کردنی بژێوی وپێویستیەکانیاندابۆئەوەی زیاتر لەبڕیارەکانیاندا سەربەخۆبن و سود لەکۆی تواناو وزە شاراوەکانیان وەربگرن.

### پێ‌داگرتن لەسەر ئەو سیاسەت‌و بەرنامانەی خێزان‌و کۆمەلگا لەسەر دواخستنی سك کردن ڕائەهێنن.

* لەم بوارەدا پێویستە هەلمەتەکانی ڕاگەیاندن بەهێزتربکرێن‌و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان پشتگیری بکرێن بۆئەوەی بایەخی خوێندن‌و کارکردن‌و پاراستنی تەندروستی ژنان و کاریگەری‌یان لەسەر گەشەکردنی ئابوری ولات و پێشکەوتنی شارستانیەت ڕوون بکەنەوەو ڕێگالەبەردەم بەمنالی بەشودان‌و کاری ناومالی کچاندا بگرن.

باشتروایە حکومەتەکان پاداشت‌و خەلات بۆئەو خێزانانە دیاری بکەن کە ڕۆلی بەرچاویان هەیە لەجێ‌بەجێ کردنی ئەو بەرنامانەدا.

• پشتگیری‌کردنی هەمو ئەو هەولانەی لەبوارە جیا جیاکاندا ئەدرێت بۆ زیادکردنی ماوەی نێوان سکێك‌و سکێکی تر.

• رەخساندنی دەرفەتی خوێندنو وەرزشو بواری کارو راهێنانی تایبەت بەکچان وژنان، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بکرێت پۆلو خول و خوێندنگاو جێکاری تایبەت بەسك پڕانو دایکانی هەرزەکار بکرێتەوە.

• حکومەتی بەنگلادیش لەساڵی 1994 دا بەرنامەیەکی سەرکەوتوی پەیڕەوکرد بەوەی ئەوکچانەی سەرەتایی تەواوئەکەن و پلەی دابەشبون بەسەر ئامادەیی یەکاندا ناهێنن، وەربگیرێن بەمەرجێ کەسوکاریان بەڵێن بدەن تاخوێندن تەواو ئەکەن بەشوویان نەدەن. لەئەنجامی هەڵسەنگاندندا دەرکەوت ژمارەی ئەوکچانەی پەیوەندی ئەکەن بەبەرنامەکەوەو ئەچنە ئامادەیی لەزیادبونداپە ، ژمارەیەکی زیاترکچان ئەخرانە بەرخوێندنی سەرەتاییو ژمارەی ئەوانەی لەژێرتەمەنی 19 ساڵیەوە شوویان ئەکرد روی کردە دابەزین.

لە بەنگلادیش لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پیشەسازی بەرگدرون کراوە، دەرکەوتوە کارکردن بەکچان بەکرێی رۆژانە لەدەرەوە ی ماڵەوە ئەبێتە هۆی گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی گەورە، ساڵی 1996 ژمارەی ئەو ژنانەی لەو وڵاتەدا لەبواری پیشەسازی جلو بەرگدا کاریان کرد یەك ملیۆن ژن بوە، لەوانە 70٪ یان تەمەنیان لەنێوان 15-19 ساڵدا بوە، بەپێی دەرەنجامەکانی ئەولێکۆڵینەوەیە، ئەوکچانەی لەوبوارەدا کاریان کردوە چەند ساڵێك درەنگتر شویان کردوە لەکچانی هاوتەمەنیان لە خزمو کەسوکارو هەمان توێژی کۆمەڵایەتیو پێش ئەوەی شوو بکەن بڕێکی باش پارەیان پاشەکەوت کردوەو پێویستیەکانی خۆیان دەستەبەر کردوە.

لەساڵی 1991 دا "کۆمەڵەی لاوانی مەسیحی" لەشاری ئەکرای پایتەختی گانا، بەرنامەیەکیان رێکخست بەناونیشانی "چاکترین رێگابۆ ژنان و کچان" ئەم بەرنامەیە کوڕانو کچانی هەرزەکاری ڕائەهێنا ژیانی خێزانی یان لەسەر بنەمای بڕیارە زانستیەکان بنیات بنێن سەبارەت بە سكو زا و تەندروستیو خوێندن و کارکردن و بەشداری یە کۆمەڵایەتیەکان و دواخستنی نۆبەرەو زیادکردنی ماوەی نێوان دوو سكو ....تاد. بەپێی بەرنامەکە پەرستارێك بەوپەڕی جێ بڕوایی و بەنهێنی و پەیوەندی تاکەکەسی، کچانی فێری سك نەکردنی سروشتی و بەکارهێنانی هۆکارەکانی سك نەکردن ئەکرد. لەگەڵ پیشاندانی سەدان سلایدو پۆستەرو وێنەی فۆتۆگرافی و تەرخان کردنی ژووری تایبەت بۆ پرسو ڕاو ڕاوێژی پزیشکی تاکە کەسی و چارەسەرکردنی هەندێك لەنەخۆشیە تایبەتەکان و ڕەوانەکردنی ئەوانەی پێویستیان بەچارەسەری فراوانترە بۆ دەزگاکانی تەندروستی باڵاتر. یەکێك لەهۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی ئەو جۆرە بەرنامەیە ئەوەیە کارمەندەکانیان لەهەردو ڕەگەزەکە بون و هەمویان هەرزەکار بون. ئەمەش کەشێکی بڕواو دڵنیایی زیاتری بۆ هەمولایەك ئەرەخساند.

**سەرپەرشتی پیشەیی کارامە لەکاتی مناڵبوندا:**

لەکاتی مناڵبون دا یان راستەوخۆ دوای مناڵبون دایکەکە و کۆرپەکەی توشی چەندین ماك ئەبن کە نارەحەتە پێش رودانیان پێشبینی بکرێن. لەبەرئەوە پێویستی بەکەسێکی کارامە هەیە کاری پێویستیان بۆ بکات. سەرپەرشتیارە کارامەکان کەسانێکن راهێنراون لەسەر هەست پێکردنی ماکەکان و چارەسەرکردنی هەندێکیان و ڕەوانەکردنی ئەوانی تر بۆ مەڵبەندە تەندروستی و خەستە خانەکان.

ساڵی 1996 لەهەمو وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا رێژەی ئەو منالانەی لەبەردەستی سەرپەرشتیارە کارامەکاندا لەدایکبوون لە 53٪ تێ ناپەڕێت. چونکە زوربەی ئەو وڵاتانە بەتایبەتی ناوچە لادێ نشینەکان کەم و کورپەکی زۆریان هەیە لەژمارەی ئەو کەسە پسپۆڕانەی کە سەرپەرشتی لەدایکبون ئەکەن بەتایبەتی مامان. لێکۆڵینەوەکان ئەیسەلمێنن سەرپەرشتی پیشەیی کارامە یەکێکە لەدەروازە فراوانەکانی کەم کردنەوەی مردنی دایکانو کۆرپەکانیان لەکاتی مناڵبونو حەوتەدا.

## مەبەستمان لەسەرپەرشتیاری كارامە چی یە؟.

بەپێی پێناسەی رێكخراوی تەندروستی جیهانی، سەرپەرشتیاری كارامەی منالبون مامانێك یان پەرستیارێك یان پزیشكێكی شارەزایە بەمەرجێ راهێنرابن لەسەر شێوازی كاركردن لەو پیشەیەداو مۆڵەتی یاسایی كاركردنیان پێ درابێ.

بەلام (دایە، (دایك، خەسو، دراوسێ) ئەگەر خولی راهێنانیشی دیبێت ئەو پێناسەیە نایگرێتەوە.

باشترین كەس كەسەرپەرشتی لەدایكبون بكاتو لەكاتی سكدا راوێژی پێ بكرێت مامانی یاسایی یە كە دانیشتوی دەوروبەری ژنە دووگیانەكە بێت، چونكە مامان ئەتوانێ لەكاتی دوگیانیو منالبوندا سەرپەرشتی دایكە كەو كۆرپەكەی بكاتو بارە ناسروشتیەكان دیاری بكاتو دەستبەجێ كاری پێویستی بۆ بكات بەوەی كە رەستەكانی بەردەستی بەكاربێنێ یان داوای یارمەتی لە پزیشكێكی شارەزا بكات یان رەوانەی خەستەخانەی بكات، جگە لەوەش مامان پاڵپشتێكی كۆمەلایەتیو دەروونیی ژنە ژان گرتوەكانە، و رێ نمایی راستەو خۆ سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ دایكەكەو منالەكە، ئەدات بەخێزانەكانیان جگە لەوەی رۆڵی مامۆستایەك ئەبینێ لەبەرێوەبردنو سەرپەرشتی كردنو پلانی لەدایكبونەكە لەناو خێزانو دەوروبەرەكەیدا.

## دایە-كان. مامانە رەشۆكی یەكان:

دایەكان یان نەنەكان رۆڵێكی باشیان هەیە لەیارمەتیدانی ژنان لەكاتی ژاندا، بەلام زۆر بەدەگمەن هەیانە سەری لەچارەسەركردنی ماكەكان دەربچێ، لەبەرئەوەی دایە راهێنراوەكان ئەگەر خولی راهێنانیشیان دیبێت –ماوەكەی لەمانگێك زیاترنیە بۆیە بەسەرپەرشتیاری كارامە دانانرێن، ئەو لێكۆڵینەوانەی لە ئەفریقاو ئاسیا كراون ئەیسەلمێنن مامانە رەشۆكیەكان ئەگەر نەگەیەندرێنە ئاستی مامانی پیشەیی كارامە لەمەترسی مردنی دایكان كەم ناكەنەوە.

بەلام دایەكان لەمەترسی مردنو سەقەت بونی منالان كەم ئەكەنەوە لەكاتی لەداوێن كەوتنە خوارەوەدا و جگە لەوەش بۆدایكەكە زۆر بەكەڵكەچونكە یارمەتی ئەدەبی ودەرونیی ئەدات كە لەو كاتەدا زۆر پێویستیەتی و دەستی ناگات بەمامانی كارامەو پزیشكی پسپۆردا، جگە لەوەش – هەرچەند ژمارەیەك لەو دایانە كرێیەكی گران داوائەكەن – ئامادەبونیان زۆر پێویستە لەبەرئەوەی هاورێ و دراوسێ و خزمنو دابو نەریتی كۆمەلایەتی ناوچەكە شارەزان و لەئەزمونی خۆیانەوە بە پێویستیەكانی دایكەكە ئاشنان.

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین مامانی رەشۆكی نەریتێكی پێشوازی كراوی ناوكۆمەڵگا ناوخۆییەكان بێت، بەلام باشتروایە ئەم خالانەی خوارەوە رەچاوبكرێت:

- دایەكان رابهێنرێن لەهەندێ دابو نەریتی بێ كەڵكی كاتی ژان گرتن دوربكەونەوە، نیشانەكانی مەترسی فێربكرێنو حاڵەتە ترسناكەكان رەوانەی خەستەخانە بكەن.
- پەیوەندی لەنێوان ئەودایانەو سیستمی سەرپەرشتی دایكایەتی و منالیی دروست بكرێت و ئەوانەی هەیە پتەوتر بكرێت.
- مەلبەندە تەندروستیو خەستەخانەكان بەرەسمی مامەڵەیان بكەن. بەلام هەرگیز ئەوە لەیاد نەكەین دایەكان بەدیلی سەرپەرشتیارانی پیشەیی كارامە نینو نابێ پشتی لێ بكرێتەوە بەڵكو ئەبێ سەرمایەی پێویست

تەرخان بکرێ بۆ ماوەی درێژ بۆ ئەوەی ژمارەی پێویست لەوسەرپەرشتیارانە، بەتایبەتی مامانی یاسایی و پزیشکی پسپۆڕ لەبەردەستی هەمو ژنێکی سک پڕدابێت.

**منداڵبون بەبێ سەرپەرشتی و یارمەتی هێشتا بڵاوە:**

سالانە 60 ملیۆن منداڵبون لەوڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا ڕوودەدات کە دایکەکان جگە لەدایەکان هیچ کەسێك سەرپەرشتیان ناکات، زۆر جاریش هەرهیچ کەسێکیان بەدیارەوە نیە بەڵکو خۆیان خزمەتی خۆیان ئەکەن، تا راددەیەك خۆیان ناوکی کۆرپەکانیان ئەبڕن، بەڵام لەوڵاتە پێشکەوتوە کاندا سەرپەرشتی پیشەیی کارامە مەسەلەیەکی گشتیی و هەمەلایەنگیرە بۆ هەمو منداڵبونێك.

سەرپەرشتیارە کارامەکان ژمارەیان بەش ناکات و دابەشبونیان هاوسەنگ نیە:پزیشکەکان رۆڵێکی مەزن ئەبینن لەدەستەبەرکردنی سەرپەرشتیی تەندروستی دایکایەتی لەلایەنەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو شارەزایی و بەڕێوەبردنەوە، بەڵام لەزوربەی وڵاتاندا هەر تەنیا پزیشکەکان –پێشمان باش نیە– سەرپەرشتی هەمو حاڵەتە ناچارو بەپەلەکان ئەکەن چونکە ژمارەیان کەمە، جگە لەوەی کرێیان بەرزەو زوربەیان لەناوچە شارستانیەکاندا نیشتەجێن.

کەمیی بەردەوامی ژمارەی مامانە پیشەییەکارامەکان لەوڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا هێشتا بەردەوامە، ئەم ناتەواویەش لەناوچە دێ نشینەکاندا ئەگاتە لوتکە. لەهەندێ ناوچەکانی ئاسیاو ئەفریقائەبینین 300 هەزار دایك تەنیا یەك مامانیان بەرئەکەوێت کە 15هەزار منالیان ئەبێت . زوربەی مامانە پیشەییەکارامەکان لەخەستەخانەکانی منداڵبوندا دائەمەزرێن لەبەرئەوە لەناوچە شارنشینەکاندا جێگیر ئەبن و خزمەتگوزاریە کانیان پێشکەش ئەکەن بەتایبەتیش پایتەختەکان و شارە گەورەکانی ناوچە جیاجیاکان.

**ئەتوانرێ چی بکرێت؟!.**

"لەسەر ئاستی سیاسەت نەبێ کاریگەری نابێ"

- پێویستە لەسەر حکومەتەکان بەرنامەی راهێنانی مامانی کارامە پەرەپێ بدەن بەکردنەوەی قۆناغی تایبەتی خوێندنی مامانی وخولی ڕاهێنانی تایبەت بەمەرجێ ماوەیان لەدوساڵ کەمتر نەبێت و بڕوانامەو مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان پێ بدرێت.

- سیاسەتمەداران و مامان و پەرستاران و پزیشکەکانی ژنان و منداڵبون و ڕێکخراوە ژنانیەکان و نوێنەرانی کۆمەڵگا ئەبێ رێبکەون لەسەرئەوەی سنوری دەسەڵات و کارکردنی مامانەکان و پەرستارەکان و لێپرسراوەتی یان دیاری بکەن.

- لە لیسۆتۆ مامانەکان و پزیشکەکانی ژنان و منداڵبون یاسایەکی نیشتمانی یان دارێژا کە سنوری کارو دەسەڵاتی هەریەکەیان دیاری ئەکات.

- باشترە حکومەتەکان پیاچونەوەو دەستکاری یاساکان بکەن بەجۆرێك کەبازنەی پەیوەندی کردن بە خزمەتگوزاری تەندروستی دایکایەتی مل کەچی دەسەڵاتی دەزگا تەندروستیەکان بکات و دەسەڵاتی دامەزراندنی ئەکەسانەی بدرێتێ بۆئەوەی ئەوناوچانەی پێ بگرنەوە کەئەو جۆرە خزمەتگوزاریەیان تیانیەو پێویستیانە، بەتایبەتی لادێکان.

- پیاچونەوەی بەرنامەکانی خوێندنی تەندروستی لە ئامادەییو پەیمانگاکان بەجۆرێك لقی تایبەت بەتەندروستی دایکایەتی بگرێتەوە.

- پیاچونەوەی دابەشکردنی پەرستاران بەسەر اختصاصەکانو دەزگا تەندروستیەکاندا بەجۆرێك تەندروستی دایکایەتی رێژەیەکی پەسەندکراوی بەربکەوێ.

رێژەی لەدایك بون بەسەرپەرشتی پیشەیی کارامە ساڵی 1996

| ناوچە | رێژە (٪) |
|---|---|
| ئەفریقیا | 42 |
| ئۆقیانوسیا | 52 |
| ئاسیا | 53 |
| ئەمریکای لاتینو کاریبی | 75 |
| ئەوروپا | 98 |
| ئەمریکاری باکور | 99 |
| هەندێ وڵاتانی هەڵبژاردە ساڵانی 1993-1987 | |
| مالی | 18 |
| پاکستان | 19 |
| گواتیمالا | 29 |
| نایجیریا | 31 |
| پۆلیڤیا | 42 |
| تونس | 69 |
| پۆتسوانا | 77 |
| سریلانکا | 87 |
| ترینیداد و تۆباگۆ | 99 |

ژمارەی مامان بۆ هەمو 100 هەزار لەدایکبونێك:

| | |
|---|---|
| کینیا | 5 |
| نیپاڵ | 14 |
| گانا | 14 |
| هایتی | 16 |
| ئەندۆنیزیا | 16 |

| | |
|---|---|
| هندستان | 40 |
| دۆمینیكان | 102 |

## چاكتر سودوەرگرتن لەخزمەتگوزاریەكانی تەندروستی دایكایەتی:

هێشتا جیاوازیەكی گەورە هەیە لەسودوەرگرتن لە خزمەتگوزاریەكانی تەندروستی دایكایەتی لەنێوان ژنانی ولآتانی تازە پێگەیشتو، ولآتە پێشكەوتوەكاندا لەنێوان ئەو ژنانەی ئاستێكی ئابوری باشیان هەیەو ئەو ژنانەی هەژارن، ئەو ژنانەی لەشار ئەژین و ئەوژنانەی لەلادێ ئەژین، ئەو ژنانەی رۆشنبیرن‌و ئەوانەی نەخوێندەوارن رێژەی 35٪ ی دایكانی ولاتەتازە پێگەیشتوەكان لەكاتی سك پریدا هیچ چاودێری یەكی تەندروستی وەرناگرن و نزیكەی 50٪ یان بێ سەرپەرشتی پیشەیی كارامە منالّیان ئەبێ و 70٪ یان دوای منالّبون هیچ سەرپەرشتییەكی تەندروستی ناكرێن، لەكاتێكدا چاودێری دایكایەتی لەولآتە پێشكەوتوەكاندا لەبەردەستی هەمو ژنێكی دووگیاندایە. كۆمەڵێك كۆسپ هەیە كەتائێستا ئەبنە رێگر لەبەردەم ئەوەی دایكان هەمو سەرپەرشتی و چاودێری یەكی تەندروستی‌یان پێ‌بگات بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان‌و و ساواكانیان لەوانە:

### دووریی:

تێبینی ئەكرێت لەزوربەی ناوچە لادێیەكاندا ژنێك لەهەرسێ ژنێك ماوەی پێنج كیلۆمەتر زیاتر لەنزیكترین دەزگای تەندروستی‌یەوە دورە و 80٪ ی ژنانی لادێ پێنج كیلۆمەتر زیاتر لە نزیكترین خەستەخانەوە دوورن. جگە لەوەش كەمیی هۆكارەكانی گواستنەوە بەتایبەتی لەناوچە دورە دەست‌و سەختەكاندا هۆكارێكی سەرباری ترە كەژنانی سك پڕ نەگەنە دام و دەزگاكانی سەرپەرشتی و چاودێری تەندروستی دایكایەتی، ئەگەر هەندێكیشیان بگەن ئەوا یان بەپێ یان بەولآغ ئەچن كەئەگەری زیانی زۆرترە بۆ ژنی دووگیان هەتا قازانجی، ئەمە زۆر جار ڕویداوە كەژنێك بەژانەوە ئەوسەفەرە سەختەی كردوە.

### خەرجیی:

زۆر لەو داموو دەزگایانەی خزمەتگوزاری تەندروستی دایكایەتی پێش كەش ئەكەن كرێ‌و پارەی پسولە وەرئەگرن كە ئەویش ئەبێتە هۆی ئەوەی ژنانی خێزانە هەژارەكان سەركێشی بە ژیانیانەوە بكەن‌و چاوپۆشی لەو خزمەتگوزاریانە بكەن. ئەمە جگە لەچەند شێوازێك باجی نارەسمی وەكو كرێی مامان و بەخشیش و بەرتیل و دیاری. وەهەروەها كۆمەڵێك خەرجی تر هەیە ژنان و خێزانەكانیان ناچار ئەبن بچنە ژێری ئەگەر سەردانی ئەو دەزگایە بكەن وەكو پارەی دەرمان و تیماركردن‌و دەردۆزی و شیكارو هێڵكاری و تیشك جگە لەكۆمەڵێك مەسرەفی تر كەخۆیان لێ‌ناپارێزرێت وەكو كرێی خواردن و مانەوەو جل‌وبەرگ‌و ...تاد. هەمو ئەم مەسرەفانە ئەبنە هۆی سڵەمینەوەی ئەو ژنانەی كە لەكەسانی تر زیاتر پێویستیان بەوخزمەتگوزاریانەیە چونكە لەناوچە دورەكان و خێزانە هەژارەكانن، لەبەر ئەوە زیاتر ماندون‌و زیاتر كەم خوێن‌و كەم خۆراك‌و ناهۆشیارن.

### مامەڵەی كارمەندانی تەندروستی:

زۆر لە دایكان گلەیی ئەوە ئەكەن كارمەندانی تەندروستی مرومۆچ‌و قسە ڕەق‌و لوت بەرزو بێ بەزەیی‌و زۆر بلێ و سەرقاڵی ئیش‌وكارو رازاندنەوەی خۆیانن بەجۆرێك ئەمان بەگەوج و دواكەوتو و پیس ئەزانن‌و بێزیان لێ‌ئەكەنەوە. كاتێك ژنان ئەمانە ئەبینن مامانی لاكۆلآنیان پێ‌باشترە چونكە ئەوان بێ‌فیزو قسەخۆش‌و دڵسۆزو

ئامادەترن بۆ سەرپەرشتی کردن‌و چاودێری کردن لەکاتی دوگیانی‌و منالبون‌و حەوتەو چلەدا کەزۆرجار ئەبێتە هۆی سەرهەلدانی ماك‌و پشت گوێ خستنی تەندروستی ساواو دایك.

### بیروباوەرِو شێوازی کارکردن:

زۆربەی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی دایکایەتی دژو پێچەوانەی بیروباوەرِ و بەها کۆمەلایەتیەکانی کۆمەلگا نارۆشنبیرە ناوخۆییەکانن کە تایبەتن بەمنالبونەوە. ژنان پێیان باشە لەشوێنی کپ‌و بێدەنگ و چۆڵ‌و تاریکدا منالیان ببێ و بێجگە لەژنان کەسی تری لەدەورنەبێت بۆ ئەوەی شەرم نەکات و پێیان وایە منالبون لەخەستەخانە تایبەتمەندیەکانیان پێشێل ئەکات‌و دەنگیان دەرئەکات بەتایبەتی ئەگەر خەستەخانەکە کارمەندی پیاوانی تیابێت.

هەروەها منالبون لەخەستەخانە لەجیاتی چیچکەو نیشتنەسەرکاسە واپێویست ئەکات ژنان لەسەرباریك بکەون و مامەلەیان لەگەلدا بکرێ کەپێیان شەرمە و تەریق ئەبنەوە.

### سەرقالیی ژنان‌و هۆکارە کۆمەلایەتی‌و رۆشنبیریەکان:

زۆر لەژنان هەموکاتیان تەرخان کراوە بۆ پەروەردە کردنی منال و ئاوهێنان و جل شتن و چێشت لێنان و کاروباری ئاژەلداری و کشتوکال‌و سەرپەرێزو کارکردن و دابینکردنی بژێوی بەجۆرێك نایانپەرژێتە سەر تەندروستی خۆیان بەتایبەتی ئەوبەشەی کەپەیوەندی بەدایکایەتیەوە هەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەو بریارانەی پەیوەندیان بەسەرپەرشتی دایکایەتیەوە هەیە هێشتا بەدەست مێردو خەسوو خەزوورو کەسانی تری ناوخێزانە.

ئەمە جگە لەبیرو باوەرِە کۆمەلایەتیە پروپوچەکان. لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە لەگانا کراوە دەرکەوتوە 64٪ ی ئەو دایکانەی بەسەر منالەوە رۆیشتون بروایان بەداودەرمانی رەشۆکی‌و گژوگیا بوە . ژمارەیەك ژنانی ئاسایی‌ش کە رێژەیان لە 25٪ ی ئەوژنانە زیاترە کەلەکاتی سك‌و منالبوندا ژیانیان لەدەست داوە، سەردانی پیاوانی ئاینی‌و قەرەج‌و مەزارو پەرستگایان کردوە و بۆچارەسەرکردنی ماکەکانیان پشتیان بەنوشتەو گڵو مورو پشتێن‌و خێرقەراردان و هێزی غەیبی‌و ئەفسانەبوە، هەندێکی تریش بروایان وایە منالبون پێویستی بەخەستەخانە نیەو دایکەکە خۆی چاك ئەبێتەوە و ئەوەی لەچارەی نوسرابێت هەرئەبێ روودات چونکە واخراوەتە مێشکیان زوربەی پیاوچاکان لەبن بەردو ئەشکەوت‌و بن دارو کەلاوەدا لەدایکبون.

لە نیپال منالبون ئەبێ بەسەرپەرشتی خەسووبێت و هاوکاری هەرکەسێکی تر ئەبێ بەرەزامەندی خەسووبێت. لەلێکۆلینەوەیەکدا هاتووە 75٪ ی خەسوەکان ئەوەیان رەت کردوتەوە بوکەکانیان لەکاتی سك پریدا ببرێنە خەستەخانە.

لەنێجیریا لێکۆڵینەوەیەك کراوە دەرکەوتوە ژن بۆهیچ نەخۆشیەك نەیتوانیوە بەبێ پرسی مێردەکەی سەردانی خەستەخانە بکات، لەکاتی منالبونیشدا ئەگەر پیاو لەمال نەبێت هیچ کەسێکی تر بۆی نییە ژنەکە ببات بۆ خەستەخانە ئەگەر لەحالەتی مردنیشدا بێت چونکە ئەگەر لەمالەوە منالی ببێت نیشانەی چاکی و ئازایەتی و خۆڕاگریی ژنەکەیە.

### ئەتوانرێ چی بکرێ؟!

- دامەزراندنی بەلایەنی کەمەوە مامانێك یان سەرپەرشتیارێکی پیشەیی کارامە لەهەر مەلبەندێکی تەندروستیدا بەتایبەتی لەلادێکان.

- گونجاندنی پێکهاتەو نەخشەی مەڵبەندەکان بەجۆرێك بەشی سەرپەرشتی دایکایەتی بگرێتەوە.

- پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دایکایەتی بەخۆڕایی‌و گێڕانەوەی ئەو مەسرەفانەی ژنان لەو بوارەدا ئەیکەن لەلایەن فەرمانگەو کارگەکانیانەوە.

- راسپاردنی هۆکارەکانی راگەیاندن بە پوچەڵکردنەوەی ئەو بیرو باوەڕو نەریتانەی ئەبنە هۆی زیان گەیاندن بەدایکایەتی.

- دامەزراندنی سیستمی سەرپەرشتیاری دایکایەتی گەڕۆك بەناوچە لادێ نشینەکاندا.

## سك کردن بێ نەخشەو پلان

سالآنە نزیکەی 75 ملیۆن ژن بەبێ نەخشەو پلان سك ئەکەن. سکی بێ‌پلانیش دوهۆکاری هەیە، یان ژن و مێردەکە نازانن هۆکارەکانی سك نەکردن (بەستن) بەکاربهێنن، یان ئەوهۆکارەی بەکاری ئەهێنن‌و پەیڕەوی ئەکەن سەرکەوتونیە.

ئەو هۆکارانەش ئەبنە هۆی ئەوەی هاوسەران ئامرازەکانی بەستن بەکارنەهێنن زۆرن. لەوانە بۆنمونە، زانیاری دەربارەی رێکخستنی خێزان‌و خزمەتگوزاریەکانی جێبەجێ کردنی دەست ناکەون، یان بەهۆی بیروباوەڕی ئایینی‌و شەخصی یەوە، یان ژنان ناتوانن بەتەنیا بریاری بەکارهێنانی بدەن وەیان ئەوهۆکارانەی بەکارئەهێنرێن سەرکەوتونین ئیتر بەهۆی جۆری هۆکارەکەوە بێت یا بەهۆی جۆری بەکارهێنانەکەیەوە.

لەبەرئەوە کەم کردنەوەی رێژەی سك کردن بەبێ پلان پێویستی بەوەیە خەڵك بەئاسانی زانیاری‌و خزمەتگوزاریەکانی رێکخستنی خێزانی دەست بکەوێت کە بسازێت لەگەڵ پێویستیەکانی خەڵك‌و چین‌و توێژەکانیان وبەکاری هەردو رەگەزەکە بێت‌و لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەندا هاوسەنگ بێت. جگە لەوەش چاکردنی باری کۆمەلآیەتی و ئابوری ژنان و دروستکردنی هاوسەنگی لەپەیوەندیە ئاساییەکانی ژن‌و پیاودا هۆکارێکی گرنگی ترە.

### سك کردنی بێ پلان لەواقیعی ژیانی ژناندا:

هۆکار زۆرن بۆئەوەی ژنان حەزبکەن لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی تەمەنیان دا سك نەکەن، چونکە سك کردن بەبێ پلان ئەبێتە هۆی ئەوەی دایکەکە توشی کۆمەڵێك ئازارو نەخۆشی و ماك ببێت، یان گیروگرفتی عاطفی بۆ دروست ئەکات یان رێگا لەتەواوکردنی خوێندن ئەگرێت وە یان بەنیسبەت هەندێکیانەوە لەش‌و لاریان تێك ئەداو جوانی یان ئەشێوێنێت.

هەرزەکاران لەژنانی تر زیاتر توشی سك کردنی بێ پلان ئەبن، چونکە زیاتر ئالودەی ناوجێگان و زانیاری‌یان نیە دەربارەی خێرا سك کردن‌و ئەو مەترسیانەی بەوهۆیەوە لەسەر ژیانیان دروست ئەبێ.

هەروەها لەزوربەی ولآتاندا ژن ئازاد نیە بریار لەسەر رەوتی سك‌و زای خۆی بدات هەتا ئەگەر هۆکارەکانی رێکخستنی خێزانیش لەبەردەستدابن، ئەویش لەبەرگرفتی هەژاری و پێ‌هەڵنەسوڕان یا بیروباوەڕی ئاینی یان رازی نەبونی ئەندامانی تری خێزان وەیان لەبەردوودڵی و ڕاڕایی کە بەستنەکە یەکجاریی ئەبێت و جارێکی تر سك ناکاتەوە.

جگە لەمانەش هۆکارێکی بەستن نیە کە لەسەدا سەد سەرکەوتوبێت، بەڵکو سالانە لەنێوان 8 ملیۆن تا 30 ملیۆن سك لەئەنجامی راست دەرنەچونی هۆکارەکانی بەستندا ڕوودەدات. ئەویش بەهۆی ئەوەی بەردەوام بەکارنەهێنراوە، یان دروست بەکارنەهێنراوە وەیان هۆکارەکە خۆی کەمو کووڕیی تیابوە.

لەلێکۆڵینەوەیەکدا کە لەئەمریکا ئەنجام دراوە دەرکەوتوە 3٪ ی ئەوژنانەی حەب بەکارئەهێنن و 1٪ ی ئەوانەی لەولەب بەکارئەهێنن و لەهەزارا سێ ی ئەوانەی دەرزی بەکارئەهێنن لەیەکەم ساڵی بەکارهێنانی ئەو هۆکارانەدا سکیان کردوە، هەروەها 12٪ ی ئەوژنانەش سکیان کردوە کەمێردەکانیان هۆکاری بەستنی پیاوانەیان بەکارهێناوە.

وا خەملێنراوە سالآنە لەهەمو جیهاندا نزیکەی 50 ملیۆن لەوسکە بێ‌پلانو نەویستراوانە بە لەباربردن لەناوئەبرێنو رۆژانە نزیکەی 55 هەزار حاڵەتی لەباربردنی مەترسیدارئەنجام ئەدرێت کە ساڵانە ئەکاتە نزیکەی 20 ملیۆن حاڵەت.

95٪ ی ئەوحاڵەتی لەباربردنی مەترسیدارانە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتودا رووئەدەنو رۆژانە ئەبێتە هۆی مردنی 200 دایك لەو وڵاتانەدا.

هۆکارەکانی بەستن (ڕێگرتن لەسك کردن) زۆرن، بەڵام هێشتا ناگەنە زۆرکەس .نزیکەی 60٪ ی ژنان و پیاوان لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا رێگا نوێیەکانی بەستن بەکارئەهێنن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی 350 ملیۆن ژنو مێرد لەجیهاندا زانیاری تەواویان دەربارەی هۆکارەکانی بەستن نیەو نازانن کارگوزاریەکانی رێکخستنی خێزان چۆن و لەکوێ دەست ئەکەون. بەڵکو نزیکەی 100 تا 150 ملیۆن ژن ئەخوازن ماوەی نێوان دووسك زیاتر بکەن یان هەر منالیان نەبێت بەڵام هیچ هۆکارێك بەکارناهێنن چونکە یان زانیاریان نیە دەربارەی ئەو مەسەلەیە یان دەستیان ناکەوێت وەیان لەبەردەستدایە بەڵام نازانن چۆن بەکاری بێنن. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە 21 وڵاتی ئەفریقی باشوری بیاباندا ئەنجام دراوە دەرکەوتوە لە 8 وڵاتیاندا زیاتر لە 50٪ی ژنان کەتەمەنیان لەنێوان 15 – 49 ساڵدا نەیانزانیوە هۆکارەکانی بەستن چۆنو لەکوێ دەست ئەکەون.

بەرزترین رێژەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی بەستن لەئەمریکای باکورە کە ئەگاتە 67٪ ی ژنان لەکاتێکدا نزمترین رێژەی بەکارهێنان لەئەفریقایە کە دائەبەزێت بۆ 15٪. بەنیسبەت وڵاتانی تازە پێگەیشتوەوە بەرزترین رێژەی بەکارهێنان لەئاسیایە بە وڵاتی چینەوە.

ئەو هۆکاری بەستنانەی پیاوان بەکاری ئەهێنن هێشتا کەمەو لەسەرەتادایە لە بەرازیل رێژەی ئەو هۆکارانەی بەکاری ئەهێنن (بەنەشتەرگەری بێ تۆو کردنیشەوە،) ناگاتە 4٪ ی سەرجەم هۆکارەکانی بەستن،

لە ئەتیوبیا بەرزترئەبێتەوە بۆ 7٪ ، لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش پیاوان 6٪ ی کەرەستەکان بەکارئەهێنن و نەشتەرگەریش لە 1٪ تێناپەڕێ .

بەرنامەکانی رێکخستنی خێزان ئامانجەکانیان نەپێکاوە: سك کردنی بێ بەرنامە تەنیا ئەنجامی سەرنەکەوتنی هۆکارەکانی بەستنو جێبەجێ نەکردنی بەرنامەکانی رێکخستنی خێزان نیە، بەڵکو بەرنامەکانی رێکخستنی خێزان دەستەوسانو ناتەواون لەدابین کردنی پێویستیەکانی خەڵكو جێبەجێکردنی خواستەکانیان، کۆنگرەی نیودەوڵەتی دانیشتوانو پەرەپێدان کەسالی 1994 لە قاهیرە بەسترا داوای چارەسەرکردنی هەمو ئەوکۆسپانە ئەکات کەدێنە ڕێی تەندروستی سكو زا و پێ دا ئەگرێت لەسەر بایەخدان بەداخوازیەکانی خەڵك.

لەهەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزاندا دەرکەوتوە ژمارەیەك ناتەواوی هەیە لەوانە:

- هەندێ لەخزمەتگوزاریەکان حساب بۆ خواستو ویستی خەڵك ناکەن لەدیاریکردنو شوێنو کاتی لەدایکبونی ئەومناڵانەی ئەیانەوێت بیانبێت . بەڵکو خواستەکانی بەرنامەکە ئەسەپێنن.

- ژمارەیەك شێواز و هۆکاری بەستنی لەبارو گونجاو ناخەنە بەردەستو شێوازی بەکارهێنانو ئەو ماکانە روون ناکەنەوە کە لەوانەیە لەئەنجامی پەیڕەوکردندا رووبدات، لەبەر ئەوە خەڵك لێیان ئەترسێ و سڵیان لێئەکاتەوە ،جگە لەوەش هیچ بەدوادا چونو هەڵسەنگاندنێك بۆ سەرئەنجامەکانی نیە.

- ملیۆنەها خەڵك جۆرێك هۆکاری بەستن بەکاردێنن کەناگونجێت لەگەڵ تەمەنو باری تەندروستیاندا و بەهەڵەو بەناچاری بەکاری دێنن، ئەو بەهەڵە بەکارهێنانە لەئەنجامی کەمی زانیاریو وتو وێژنەکردن لەگەل ئەوکەسەدا بەکاری دێنێ و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی تەندروستی و نەبونی ئەو هۆکارەی کە بەکارهێنەرەکە پێی باشەو پێی ئیسراحەتە، دروست ئەبێ. لەزوربەی حاڵەتەکاندا دەست نیشانکردنی هۆکاری بەستنەکە بەدەست ئەو کەسەیە خزمەتگوزاریەکە پێشکەش ئەکات، لەجیاتی ئەوەی بەپێی ئارەزووی ژنو مێردەکە بێت. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کەلە کینیا ئەنجام دراوە دەرکەوتوە 46٪ ی ئەوانەی سەردانی مەڵبەندەکانی ڕێکخستنی خێزانیان کردوە هیچ پرسێکیان پێ نەکراوە دەربارەی ئەو هۆکاری بەستنەی بۆیان دیاریکراوە.

### ئەتوانرێت چی بکرێت؟!

- پێویستە لەسەر حکومەتەکان و سەرمایە بەخشەکانو ڕێکخراوەکانو کارگوزارانی دەزگا پەیوەندیدارەکانی تەندروستی دایکایەتی و سك و زا بەیەکەوە کاربکەن بۆ دەست پێکردنی هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ ڕێکخستنی خێزانو رێ گرتن لەسك کردنی بێبەرنامەو چارەسەرکردنی لەباربردنی مەترسیدارو دامەزراندنی ئەودامو دەزگایانەی ئەو ئامانجانە بەدی دێنن.

- دڵنیابون لەوەی ئەوکارمەندو دەزگایانەی ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش ئەکەن هەمو کەرەستەیەکی پزیشکی و کارامەیی پیشەییو نوێترین شێوازو زانیاری و تۆری بلاوبونەوەو پەیوەندی کردنیان بەخێزانو کۆمەڵگاوە بۆدابین کراوە.

- دڵنیابون لەوەی بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان لەگەڵ خواستو بیروبۆچونە شەخصیو ئاینی و کۆمەلایەتیەکاندا ئەگونجێتو تیایدا پارێزگاری لەکەرامەتی ژنانو نهێنی زانیاریەکان ئەکرێتو ئەو بەرنامانە چەندین هۆکاری بەستنی جۆراوجۆر ئەخاتەبەردەست بۆ ئەوەی ژنو مێردەکان بە ویستی خۆیان لێیان هەڵبژێرن.

- تێکەڵ کردنی بەرنامەی تەندروستی دایکایەتی و سك و زاو مەترسیەکانی لەبارچونو سودەکانی ڕێکخستنی خێزان بە بەرنامەی خوێندنی قۆناغەکانی تەمەنی هەرزەکاری بۆئەوەی کوڕان و کچان پێش شوکردنو ژن هێنان بنەمایەکی زانیاری سەرەتاییان لەوبارانەوە هەبێت.

ڕێژەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی بەستن لەهەندێ وڵاتی هەڵبژاردەدا:

| ووڵات | ڕێژە(٪) |
|---|---|
| نەیجەر | 2 |
| نایجریا | 4 |

| | |
|---|---|
| زامبیا | 9 |
| ئەردەن | 27 |
| کینیا | 27 |
| پیرۆ | 33 |
| ئیکوادۆر | 36 |
| زیمبابوی | 36 |
| سریلانکا | 41 |
| میسر | 45 |
| ئەندۆنیسیا | 47 |

## کێشەی لەباربردنی مەترسیدار:

ساڵانە لەجیهاندا نزیکەی 20 ملیۆن حاڵەتی لەباربردنی مەترسیدار ڕوودەدات کەئەبێتە هۆی مردنی نزیکەی 80 هەزار دایكو سەدان هەزار حاڵەتی لەسكو زا کەوتن. زوربەی هەرە زۆری ئەم حاڵەتانەش لەوڵاتانی تازە پێگەیشتودا ڕوودەدەن. لەباربردنی مەترسیدار ئەبێتە هۆی بەلایەنی کەمەوە 13٪ ی سەرجەم مردنی دایکایەتی لەجیهاندا ، واتە یەك حاڵەتی مردن لەهەمو هەشت حاڵەتێکی مردنی دایکایەتی. لەهەندێ وڵاتدا بلاوترین کێشەی ژنانو سەرەکی ترین هۆکاری مردنی دایکایەتیە. بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا کێشەی لەباربردنی مەترسیدار یەکێکە لەئاسانترین کێشەکانی دایکان لەڕووی پاراستنو چارەسەرکردنەوە. کۆنگرەکانی دانیشتوان و پەرەپێدانی جیهانیی دەمێکە دەرکی بەوە کردوە لەباربردنی مەترسیدار کێشەیەکی سەرەکی کێشەکانی تەندروستی کۆمەڵە، بۆیە داوای کردوە:

- خزمەتگوزاری دەست بەجێی پزیشکی لەئاستێکی بەرزو مودێرن و مرۆڤانەدا بخرێتە بەردەست بۆ چارەسەرکردنی ماکەکانی لەباربردنی مەترسیدار.
- پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و ڕاوێژی دڵسۆزانە بۆ قۆناغی دوای لەبارچونو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری ڕێکخستنی خێزان لەپێناوی چەسپاندنی تەندروستی دایکایەتیو سكو زاو کەم کردنەوەی ڕێژەی لەباربردنی مەترسیدار.
- دابینکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی ئەبنەهۆی زامن کردنی ژیانی دایکان لەکاتو لەدوای لەباربردنی یاسایی.

## لەباربردنی مەترسیدار[*]: کێشەیەکی جیهانیە:

ساڵانە چەند ملیۆن ژنێك تەندروستیو ژیانی خۆیان ئەخەنە مەترسیەوە بۆ خۆڕزگارکردن لەسکێك کە بەبێ بەرنامە ڕسکاوە.

ڕۆژانە 55 هەزار حاڵەتی لەباربردنی مەترسیدار ڕوودەدات کە لە 95٪ ی ئەکەوێتە وڵاتانی تازە پێگەیشتوە و ڕۆژانە ئەبێتە هۆی مردنی 200 دایك. لەسەر ئاستی جیهانیش لەباربردنێکی مەترسیدار بەرامبەر هەرحەوت لەدایکبونێك ڕوو ئەدات.

ئەو مردنانەی لەئەنجامی لەباربردنی مەترسیدار ڕوودەدەن ڕێژەیەکی زۆری مردنی دایکایەتییە، هەرچەند کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەوبارەیەوە نەهاتۆتەدی. لەبەرئەوە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی وای خەمڵاندوە لەسەر ئاستی جیهان بەلایەنی کەمەوە مردنێك لەهەمو هەشت مردنێکی دایکایەتی بەهۆی لەباربردنی مەترسیدارو ماکەکانیانەوە ڕوودەدات. لەهەندێ ناوچەشدا ئەبینین 25٪ و بەرەوژورتری مردنی دایکایەتی لەوچوار چێوە یەدا ڕوودەدات.

## کاریگەریی لەبارچونی مەترسیدار لەسەر سیستمی تەندروستی گشتی:

چارەسەرکردنی هەرحاڵەتێکی لەبارچون و ماکەکانی پێویست ئەکات ژنەکە چەند ڕۆژێك لەخەستەخانە بمێنێتەوە کەلەوماوەیەدا پزیشکەکانو پەرستارەکان پێوەی سەرقاڵ ئەبن، ئەمە جگە لەداودەرمانو خوێن پێ بەخشین و تیشك و سۆنار و شیکاریو ...تاد. کەهەموویان پارەو ڕەنجیان تێئەچێت و ئەکرێت لەبوارەکانی تری تەندروستی دایکایەتیدا خەرج بکرێت. لەهەندێ وڵاتاندا 50٪ ی بودجەی تەرخان کراو بۆ نەخۆشخانەکانی مناڵبون لەچارەسەری ماکەکانی لەباربردنی مەترسیداردا خەرج ئەکرێ لە لێکۆڵینەوەیەکدا کەلە تەنزانیا ئەنجام دراوە دەرکەوتوە 34٪ تا 57٪ ی هەمو ئەوژنانەی لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی مناڵبونی (دارالسلام) دا خەوتون بەهۆی لەباربردن و ماکە کانیەوە خەوێنراون، ئەمە جگە لەوەی چارەسەرکردنی هەمو حاڵەتێك 7.5 دۆلار لەسەر حکومەت کەوتوە لەکاتێکدا بودجەی ئەو وڵاتە تەنیا یەك دۆلاری بۆ سەرپەرشتی تەندروستی هەردایکێك تەرخان کردوە.

## کام ژن پەنا ئەباتە بەر لەباربردن؟ بۆچی؟.

زوربەی هەرە زۆری ئەو ژنانەی پەنا ئەبەنە بەر لەباربردن خاوەنماڵو مناڵن و لەماڵی سەربەخۆی خۆیاندا ئەژین.

بۆیە پەنا ئەبەنە بەر لەباربردن چونکە ژمارەیەك مناڵیان هەیەو نایانەوێت ژمارەیان لەوە فرە تر بێت، یان مناڵێکی تریان وردەو ئەیانەوێت ماوەی سکی داهاتو دورتر بخەنەوە، وەیان کاتی لەدایکبونی چاوەڕوان کراوی ئەکەوێتە وەرزی ئیش کردنو بەروبومو سەرقاڵیی ژنەکەوە، ئەمە جگە لەوەی هەندێك لەو سکانە ئەبنە هۆی ئەوەی دایکەکە کاری بۆنەکرێت و بژێوی بۆ دابین نەکرێت. پوختەی باسەکە ئەوەیە ژنەکە تووشی سکێك ئەبێت کەبەرنامەی

---

[*] بە لەباربردنی مەترسیدار ناوبراوە بۆ جیاکردنەوە لە باربردنی شەرعیو یاسایی لەژێر چاودێری کارمەندانی پسپۆڕدا بۆ ڕزگارکردنی ژیانی دایکەکە وەهەروەها بۆ جیاکردنەوە لەو لەبار چونانەی بەهۆی هەر هۆکارێکی دەرەکی دور لەویستی دایك و باوکەکەوە ڕوو ئەدەن.

بۆدانەناوە. هۆی سەرەکیش بەکارنەهێنانی هۆکارێکی لەباری بەستنە، ئەمە جگە لە سەرنەکەوتنی ژمارەیەك لەبەستنەکان بەهۆی خراپ بەکارهێنانیەوە یان ناکاریگەری خودی هۆکارەکە.

کێشەی لەباربردنی مەترسیدار کێشەیەکی تەندروستی هەمو تەمەنەکانی ژنانە، بەتایبەتیش ئەوانەی هەرزەکارن یان بەمنالّی دراون بەشوو، چونکە ئەوانە نەشارەزاترن و بەئاسانی زانیاریان سەبارەت بەکارهێنانی بەستن و بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان دەست ناکەوێت‌و ژنان لەوتەمەنە سەرەتاییانەدا پرکێشی ناکەن پرس‌و ڕاوێژ بەکەسانی شارەزاتر بکەن ،لەبەر ئەوە لەدوا مانگەکانی دووگیانیدا پەنا ئەبەنە بەر لەباربردن ، کەزیان و ماکەکانی زۆرترو مەترسیدار ترن.

لەژمارە یەك لەولاّتە ئەفریقیەکاندا نزیکەی 70٪ ی ئەوانەی بەهۆی لەبار چونەوە لەخەستەخانەکان کەوتون تەمەنیان لە 20 ساڵ کەمترە.

## ڕێکخستنی خێزان لەئاستی پێویستیدانیە:

لەگەڵ ئەوەشدا بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزان لەهەمو کاتێکی تر بلاّوترو پێشکەوتوترە، خەملّەکان وانیشان ئەدەن 350 ملیۆن ژن‌و مێرد لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا زانیاریان دەربارەی هۆکارەکانی بەستن نیەو شێوازی مۆدێرنی بەستن لەولاّتەکانیاندا ناگاتە دەست هەمو کەسێك.

وا دانراوە 120- 150 ملیۆن ژن ئارەزویان هەیە ئیتر منالّیان نەبێ، یان ماوەی نێوان دووسك زیاتر بکەن، بەلاّم نازانن چی بکەن، چونکە زانیاری بەستن و بەرنامەکانی ڕێکخستنی خێزانیان ناگاتێ.

زوربەی ژنان کاتێك نەخۆشخانەکان بەجێ دێڵن لەئەنجامی لەباربردنی مەترسیدارەوە، هیچ ڕێگایەك فێر ناکرێن جارێکی تر سك نەکەنەوەو تووشی هەمان گرفتە نەبنەوە.

## ئەتوانرێ چی بکرێت؟!.

بۆ کەم کردنەوەی ئەو مەینەتیانەی مردنی دایکایەتی‌و زیانەکانی لەباربردنی مەترسیدار پێویستە لەسەر حکومەتەکان‌و ئاژانسە نێودەولّەتیەکان‌و ڕێکخراوەکانی ژنان سیاسەتێك دابڕێژن و هەنگاوی پێویست بنێن بۆ مسۆگەر کردنی خزمەتگوزاریی ڕێکخستنی خێزان بۆ هەمو کەسێك کەنیازیەتی لەگەڵ چاکردنی خزمەتگوزاریەکانی سەرپەرشتی تەواو کە لەمەترسیەکانی لەبارچون و لەباربردنی ترسناك کەم بکاتەوە، ئەمە جگە لەخزمەتگوزاریەکانی پاش لەبارچوون و لەباربردن.

هەوڵدان بۆ هۆشیار کردنەوەی سەرجەم کۆمەڵگا دەربارەی تەندروستی دایکایەتی‌و سك‌و زاو لەباربردن‌و ڕێکخستنی خێزان.

پێویستە هەمو ژنێك دوای لەباربردن، زانیاری وردی بدرێتێ دەربارەی ڕێکخستنی خێزان‌و ئامۆژگاری زانستی و کۆمەڵێك هۆکاری بەستن بخرێتە بەردەستی و دوای ئەوەش بەدواداچونی پێویست دەربارەی تەندروستی‌و چۆنیەتی بەکارهێنانی هۆکارەکان و ئاستی سەرکەوتنیان بکرێت، بەلاّم ئەوەمان لەیادنەچێت سەرپەرشتی کردنی دوای لەباربردن نابێ ببەسترێتەوە بە قبوڵ کردنی ڕێکخستنی خێزان و بەکارهێنانی بەستن.

هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا هۆکارێکی پڕبایەخە لەکەم کردنەوەی کێشەی لەباربردنی مەترسیداردا.

لە پۆلیڤیا حکومەت هەڵمەتێکی بەسەرپەرشتی سەرەك کۆمارو وەزیری تەندروستی ڕێکخست بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان دەربارەی هەمو لایەنەکانی تەندروستی دایکایەتی و مەترسیەکانی لەباربردن. لەکاتی هەڵسەنگاندندا دەرکەوت هەڵمەتەکە سەرکەوتو بوەو ئەوبەشەی تایبەت بوە بە لەباربردنی مەترسیدار ئاشکراترین بەشی پەیامە تەندروستیەکان بوە.

ژمارە خەمڵێنراوەکانی مردنی لەباربردن و ئەگەری مردنو ڕێژەی سەدیی مردنی دایکان لە ژمارەیەك وڵاتانی هەڵبژێردراودا.

| ناوچە | ژمارەی مردنی دایکان | ئەگەری مردنیان | ڕێژەیان |
|---|---|---|---|
| ئەفریقیا | 33000 | 1 لە 150 | ٪13 |
| ئاسیا (جگە لە ئوستراليا، نیوزیلەندا، ژاپۆن) | 37500 | 1 لە 250 | ٪12 |
| ئەمریکای لاتینی و وڵاتانی کاریبی | 4600 | 1 لە 900 | ٪21 |
| ئەوروپا | 500 | 1 لە 1900 | ٪17 |

ڕێژەی ئەو ژنانەی هۆکارە مودێرنەکانی بەستن بەکاردێنن:

| | |
|---|---|
| ئەفریقیا | ٪15 |
| ئەوروپا | ٪45 |
| ئەمریکای لاتینی و ولاتانی کاریبی | ٪49 |

| | |
|---|---|
| ئاسیا | ٪55 |
| ئەمریکای باکور | ٪67 |

**بۆ بیرخستنەوە:**

دوای ئەم کۆمەڵە بابەتە دورو درێژە کەهەمویان دەربارەی تەندروستی دایکایەتی بون، پێویستە بێتەوە یادمان پێکهاتەکانی یان سێ پاکەی تەندروستی دایکایەتی چیە؟

**I- سەرپەرشتیو چاودێری لەکاتی سك پڕیدا:**

بەپێی ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئەبێ هەمو ژنێکی سك پڕ لەماوەی سکەکەیدا بەلایەنی کەمەوە چوارجار سەردانی دەزگا تەندروستیەکانی سەرپەرشتیو چاودێری دایکایەتی بکات بۆئەوەی:

* ئامۆژگاری و ڕاوێژ وەربگرێت دەربارەی خواردنو وەرزشو سەرپەرشتی لایەنەکانی تری تەندروستی و نیشانەکانی مەترسیو چۆنیەتی خۆ ئامادەکردن بۆ لەدایك بون. ئەویش بە:

- تۆمارکردنی ڕەوشتی تەندروستی دایکەکە.
- دەردۆزی و شیتەڵی پێویست بەپێی بەرنامە
- دەست نیشانکردنی ماکەکان و چارەسەرکردنیان لەسەرەتای سەرهەڵدانیاندا.
- پاراستنی لەمەلاریا و کرم (ئەنگلستۆما) و دەردەکۆیان (گزاز – تیتانۆس).
- چارەسەرکردنی نەخۆشیە ئاڵوگۆڕەکانی جووت بون و کەم خوێنیو ...تاد

**II- سەرپەرشتی و چاودێری لەکاتی لەدایکبوندا:**

بەپێی ڕاسپاردەکانی WHO ئەبێ هەمو لەدایکبونێك بەسەرپەرشتی کارمەندێکی تەندروستی کارامە ڕوویدات بۆئەوەی:

- پاکو خاوێنیو بێوەیی و دڵنەوایی بۆ دایکەکە دابین بکات.
- دەست نیشانکردنی نەخۆشیە کتو پڕەکان و ماکەکان و کاری پێویست بۆ تەشەنە نەکردنو چارەسەرکردنیان لەپێناوی پاراستنی ژیانی دایکەکە و کۆرپەکەی.
- ڕەوانەکردنی دەستبەجێ بۆ شوێنی مەبەست ئەگەر باری تەندروستی پێویستی بەدەست تێوەردانی باڵاتر هەبو.

**III – سەرپەرشتیی و چاودێریی دوای مناڵبون:**

بەپێی ڕاسپاردەکانی (WHO) ئەبێ چاودێری و سەرپەرشی دوای مناڵبون ئەم خاڵانە بگرێتەوە:

- دەست نیشانکردنی نەخۆشیو ماکەکانی دایکەکە و ساواکەی لەگەڵ هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنیان.

- ڕێنمایی کردن دەربارەی ڕێکخستنی خێزان.

- ڕێنمایی پێویست دەربارەی شیردانو پەروەردەکردن.

- چاودێری کردنو جێبەجێکردنی خشتەی کوتانی دایکەکە و کۆرپەکەی.

## دوا وتـــــــــه

دوای ئەوەی ئەم زنجیرە بابەتەت خوێندەوە دێیتە سەر ئەو بڕوایەی کە تەندروستی دایکایەتی کێشەیەکی جیهانیە و دابەشبوە بەسەر هەمو شێوەو و ناوچەکاندا بەجیاوازی ڕەگەزو نەژادو زمانو نەتەوەوە. لەبەر ئەوە ئەم جۆرە بابەتانە وەکو هەندێ سەرچاوەی ڕۆشنبیری تر تەنیا بۆ چێژوەرگرتن و زیاتر ڕۆشنبیربون نیە لەهەمان کاتیشدا تەنیا بۆئەوە نیە بەزەیی مان بەدایکاندا بێتەوەو هەناسەیەکی قووڵیان بۆ هەڵکێشین و چەند دڵۆپێك فرمێسکیان بۆ بڕێژین. بەڵکو ئەم زنجیرە بابەتە ئەنجامی کردەو کۆشەی ڕێکخراوێکی جیهانی مەزنە کەتواناو دەرامەتو دارایی یەکی زۆری خەج کردوە لەپێناوی کۆکردنەوەیدا بۆئەوەی هەمو حکومەتەکانو سیاسەتمەدارانو ئاژانسەنێودەوڵەتیەکان و سەرمایە بەخشەکانو ڕێکخراوە مرۆییو پیشەییەکانو ڕێکخراوەکانی ژنان لەهەمو ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بەجیاوازی بیروباوەڕ و ئاینو ئایدۆلۆجیای و سیستمی حکومرانی:

- تێڕوانینێکی زانستیانە و بابەتیانەیان هەبێت دەربارەی قەوارەی کێشەکە.

- هاندانی وتووێژ و دانو ستان لەگەڵ ئەوکەس و لایەنانەی بەرنامەکانی پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتی و دەروونی و کەلتوری ویاسایی و تەندروستی دائەڕێژن.

- دانانی چوارچێوەی بەرنامەیەك بۆهاوکاری لەگەڵ وەزارەت و دەزگا تەندروستیەکاندا.

- دانانی چوارچێوەیەك بۆ داکۆکی کردن لەمافێکی سەرەکی ژنان کە مافی تەندروستی دایکایەتیە.

- گوشار خستنە سەردامو دەزگاکانی دارایی و نەخشەکێشان بۆتەرخان کردنی بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی تەندروستی دایکایەتی.

- هاوبەشی کردن لەچەسپاندنی دادپەروەری کۆمەلایەتی و یەکسانی دا.

- دانانی پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی بەرنامەی تەندروستی دایکایەتیو سكو زا.

- دابین کردنی دابەشبونی خزمەتگوزاری تەندروستی دایکایەتی بەسەر ناوچە جوگرافیەکانی وڵاتدا.

ناونیشانی پۆستی ئەلیکترۆنی وەرگێڕ:

tofiqabdol@yahoo.com